# بونیاتی زمان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا
# ٢٠١٢-٢٠٢١

**سەنگەر نازم حوسێن**

مامۆستا
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی کوردی
Sangar.nadhim@koyauniversity.org

**حەیات سەعید عەبدولکەریم**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی ئاداب/ بەشی کوردی
hayat.abdulkarim@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی(بونیاتی زمان لە کوزتیلەچیرۆکی کوردیدا)یە. هەوڵێکی ئەکادیمیانەی نوێیە بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی کورتیلەچیرۆکی کوردی ساڵانی٢٠١٢تا ٢٠١١ کە لە ڕێڕەوی چیرۆکنووسیی کوردیدا بە نوێگەری و داهێنانی تازە لەسەر دەستی کۆمەڵێک نووسەر دەناسرێتەوە. توێژینەوەکە لە چوار تەوەرەدا بە وردی تیشک دەخاتە سەر کۆمەڵێک لایەنی شیعرییەت هەم لەڕووی تیۆرییەوە، هەمیش پراکتیک بە پشتبەستن بە مێتۆدی شیکاریی هەوڵدراوە لە هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە توێکاریی نموونە چیرۆکییەکان بکرێت و دەست بۆ ئەنجامگەلێکی نوێ درێژبکرێت بە تایبەت کۆمەڵێک بابەتی نوێی وەک چڕکردنەوە، لادانی زمانی، ئایرۆنی، دەقئاوێزان لایان لێکراوەتەوە، کە پێشووتر زیاتر لەناو لێکۆڵینەوە شیعرییەکان کاریان لەسەر کراوە و لە مەودای چیرۆکدا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.

کلیلەوشە: شیعرییەت، چڕکردنەوە، ئایرۆنی، لادان، دەقئاوێزان

١.پێشەکی

زمـــان ســـەرەکیترین کەرەســـتەی بونیاتنـــەری دەقـــی ئەدەبییـــە و یەکێکـــە لـــەو ڕەهەنـــدە گرنگانـــەی هەمیشـــە نووسـەر حیسـابێکی تایبەتـی بـۆ دەکات، چونکـە بوونـی هـەر کەموکوڕییـەک لـە پێکهاتـەی زمانـدا وادەکات دەق گرنگییەکـەی خـۆی لەدەسـت بـدات، ئەمـە ئەگـەر بـۆ هەمـوو ژانـرەکان وابێـت، ئـەوا بـۆ کورتیلەچیـڕۆک بەرچاوتـرە، چونکـە ئـەم ژانـرە بەهـۆی کەمـی قەوارەکەیـەوە سـوود لـە بەکارهێنانێکـی کورتـی زمـان وەردەگرێـت و لـە مەودایەکـی بەرتەسـکدا وشـە و ڕسـتەکان شـێوەگیر دەبـن، بۆیـە خوێنـەر زۆر بـە ئاسـانی دەتوانێـت هەسـت بـەو کێماسـییە بـکات، کـە لـە دەقەکـەدا خـۆی دەنوێنێـت.

وشـە کلیلییـەکان: کورتیلەچیـڕۆک، چڕکردنـەوەی زمانـی، ئایرۆنـی، لادان، دەقئاوێـزان.

ناونیشـانی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە: بونیاتـی زمـان لـە کورتیلەچیڕۆکـی کوردیـدا ٢٠١٢ -٢٠٢١.

میتـۆدی توێژینـەوە: ئـەم توێژینەوەیـە پشـت بـە میتـۆدی وەسفی-شـیکاری دەبەسـتێت بـۆ شـیکردنەوەی ئـەو دەقانـەی، کـە لـە دووتوێـی توێژینەوەکـەدا وەک نموونـە وەریگرتـوون.

گرنگـی توێژینـەوە: گرنگیـی توێژینەوەیەکـی لـەم چەشـنە لـەوەدا خـۆی دەنوێنێـت، کـە بـە شـێوەیەکی ورد و چـڕ کار لەسـەر دەرخسـتنی پێکهاتـەی زمـان لـە کورتیلەچیڕۆکـی کـوردی دەکات و لـەم نێوانـەدا هەوڵـی داوە ئـەو ئامـراز و تەکنیکانـە شـی بکاتـەوە کـە ڕۆڵیـان لـە پوختەکردنـی زمانـدا هەیـە و بـە شـێوەیەکی پراکتیکـی نموونەیـان بـۆ بهێنێتـەوە.

سـنووری توێژینـەوە: ئـەم توێژینەوەیـە لـە چوارچێـوەی زاری کوردیـی ناوەڕاستدایە و کورتیلەچیڕۆکـی کـوردی ئەو زارەی وەک نموونـە وەرگرتـووە، بەتایبەتییـش کورتیلەچیڕۆکنووسـانی کـوردی سـاڵی ٢٠١٢ بـۆ ٢٠٢١.

گرفتـی توێژینـەوە: لەڕاسـتیدا گیروگرفتـی هـەرە سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە لـەوەدا خـۆی دەنوێنێـت، کـە بەدەگمـەن وا ڕێـک کەوتـووە کورتیلەچیرۆکنووسـانی کـورد کۆمەڵەچیرۆکەکانیـان تایبـەت کردبێـت بـە کورتیلەچیـڕۆک و لەنـاو یـەک کۆمەڵەچیرۆکـدا هـەم چیرۆکـی کـورت، هـەم چیرۆکـی مامناوەنـد هەمیـش کورتیلەچیـڕۆک دەبینرێـن و جـاری وا هەیـە لەنـاو یـەک کۆمەڵـەدا تەنیـا یـەک کورتیلەچیـڕۆک هەیـە، بۆیـە توێـژەران بـە ناچـاری ئـەو مـاوە درێژەیـان وەرگرتـووە (٢٠١٢-٢٠٢١) ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی ئـەو نموونانـەی لەنـاو یـەک یـا دوو کۆمەڵـەدا بەردەسـتن، بـە تەنیـا ناتوانـن هەمـوو لایەنـە زمانییـەکان لەخۆبگـرن، بۆیـە بـۆ باشـتر شـیکردنەوەی لایەنـی زمانـی لـە کورتیلەچیڕۆکـی کوردیـدا پشـتمان بـە وەرگرتنـی نموونـەکان لـە کۆمەڵـە چیڕۆکـە جیاوازەکانـی ئـەو ماوەیـە بەسـتووە.

پێکهاتـەی توێژینـەوە: ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکییەک و چـوار باسـی سـەرەکی و ئەنجـام پێـک هاتـووە. باسـەکانی بەرایـی زیاتـر تیۆریـن و لـە چوارچێـوەی چەمـک و پێناسـە و زاراوەی کورتیلەچیـڕۆک و پێوەندیـی نێـوان کورتیلەچیـڕۆک و شـیعر دەخولێنـەوە و باسـی چـوارەم تایبەتـە بـە لایەنـی پراکتیکـی و تێیـدا کار لەسـەر ئـەو تەکنیـک و ئامرازانـە کـراوە، هـەم لـەڕووی ڕووخسـارەوە هەمیـش لـەڕووی ناوەڕۆکـەوە دەبنـە هۆکارێـک بـۆ کورتکردنـەوەی زمانـی کورتیلەچیـڕۆک لەوانـە: بەکارهێنانـی پیـت و ژمـارە، سـڕینەوە، بەکرداریکردنـی وشـە و ڕسـتە، دیالـۆگ، بەڕەمزکـردن، لادانـی واتایـی، دەقئاوێـزان، ئایرۆنـی.

٢.چەمک و زاراوە و پێناسەی کورتیلەچیرۆک

کورتیلەچیـڕۆک وەک لـە ناوەکـەی دەردەکەوێـت سـەرەتا چیرۆکـە و دواتریـش کورتیلەیـە، واتـە ئـەم هونـەرە جۆرێکـی ئەدەبییـە و بـۆ خـۆ جیاکردنـەوە لـە ژانرەکانـی دیکـە خـۆی بـە دوو لایـەن گرێـدەدات، یەکەمینیـان پێوەسـتە بـە قـەوارەوە، کـە خـۆی لـە کەمتریـن مـەودای وشـە بەکارهێنانـدا دەبینێتـەوە و جـۆرە چیرۆکێکـە تاوەکـوو پێـی بکرێـت دەسـت بـە وشـە و بەکارهێنانـی وشـەکانەوە دەگرێـت، تـا بـە کورتتریـن شـێوەی مومکیـن دەرکەوێـت. دووەمیـان پێوەسـتە بـە لایەنـە هونەرییەکـەی و خـۆی لـە بنەمـا و ڕیسـاکانی ژانرەکـە دەبینێتـەوە و بـەو پێیـەش هەمـوو ڕێسـا و مەرجەکانـی چیـرۆک لەخۆیـدا کۆدەکاتـەوە و دەبێـت وەک هـەر شـێوەیەکی دیکـەی ژانـرە گێڕانەوەییـەکان لەسـەر کۆمەڵێـک ڕەگـەزی وەک(گێڕانەوە،کەسـایەتی، ڕووداو، کات، شـوێن...) دامەزرێـت، ئینجـا دەچێتـە خانـەی چیرۆکـەوە و ئـەم دوو لایەنـەش بـە تونـدی گرێـدراوی

چەمکی کورتیلەچیرۆکن و نەبوونی هەر کامێکیان دەبێتە هۆی دەرچوونی ژانرەکە لەو چوارچێوەیەی، کە بۆی دانراوە بۆ نموونە ئەگەر کەمێک لە قەوارەکەی خۆی هەڵکشێت، ئەوا ئەو سنوورە دەبەزێنێت و دەچێتە چوارچێوەی ژانرێکی دیکە، کە کورتە چیرۆکە، یاخود ئەگەر بنەمایەکی وەک گێڕانەوە لەدەستبدا، ئەوا مەرجی سەرەکی ژانرە گێڕانەوەییەکان ژێرپێ دەنێت و بەرەو شیعر و بنژانرە شیعرییەکان هەنگاو دەنێت و لە چیرۆک دەکەوێت.

چەمکی کورتیلەچیرۆک، شتێکی تازەیە و بەراورد بە کورتەچیرۆک و ڕۆمان مێژوویەکی نوێتری هەیە و گرێدراوی چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمە و دەرهاوێشتەی ئەو بارودۆخەیە، کە ئەدەب و هونەری گەلان لەو چرکەساتەدا پێیدا تێپەڕبووە و جۆرە تێگەیشتنێکی تازەترە بۆ چەمکی چیرۆکی هونەری و بەتایبەتیش قەوارەکەی، کە جیاوازە لە چیرۆکی پێشوو و هاوکوفی خێرایی و پەلەپەلی مرۆڤی مۆدێرنی چاخی پیشەسازی و تەکنۆلۆژییە.

«کورتیلەچیرۆک شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارشتکردن و بارودۆخەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی ژیانی خێرا و ئارەزووی مرۆڤ بۆ داهێنانی ڕێگەیەکی گوزارشتکردن، کە هاوتا بێ لەگەڵ خێرایی ژیان و گونجاو بێ لەگەڵ پاڵەپەستۆکانی ژیانی ڕۆژانە سەپاندوویانە.» (یوب،٢٠١٥: ٥٢).

مرۆڤی مۆدێرن چیتر وەکوو خوێنەرێکی سەدەی هەژدە و نۆزدە نییە و ئەو کاتە زۆر و فرەوانەی لەبەردەستدا نییە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکی درێژ، بەڵکوو عەوداڵ و سەراسیمەی ئەدەبێکە، کە لەگەڵ کاتە کەمەکەی بگونجێت بە تایبەتیش ئەو کاتانەی، کە لە دەرەوەیە و بۆ چەند چرکەساتێکی وەک دانیشتن لەناو شەمەندەفەری خێرای شارەکان، یان قاوەخواردنێک لەکاتی پشوودانە کورتەکانی سەرکار، کە دەستی بەتاڵە دەیەوێت چێژ لەو کاتە وەربگرێت و بە بابەتێک پڕی بکاتەوە.

سەبارەت بە زاراوەکەشی، بەهۆی بیروڕای جیاوازی ڕەخنەگر و تیۆریستانی ئەم بوارە وەک دەردەکەوێت زۆرترین کێشە و ئیشکالیەتی لەناو ئەدەبەکان لەسەرە، نەک لای کورد بگرە لە زمان و ئەدەبێکی دەوڵەمەندی وەک ئینگلیزیش ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت و لای ئەوانیش کۆمەڵێک زاراوەی وەک: minifiction, nanofiction sudden fiction, flash fiction, quick fiction, smoke-long fiction, postcard fiction, short short story, very short (story, etc) (Botha,2016;Holdefer, 2014

بەرانبەر چەمکەکە دەوەستێت و تاوەکوو ئەمڕۆش یەکگرتوویەکی تەواو لەناو ڕەخنەگران بۆ ئەم زاراوە زۆرانە نییە و ئەوەی هەیە هەندێک لە زاراوەکانی وەک «flash fiction» و «very short story» و «short short story» زیاتر لەوانی تر شوێنی خۆیان گرتووە و بەکاردێن و لایەنگریان زیاترە و لەناو ئەدەبی کوردیشدا هەردوو زاراوەی «کورتیلەچیرۆک» و «بروسکەچیرۆک» پتر شوێنیان گرتووە و زیاتر لەوانی تر لەلایەن توێژەرانی کورد بەکاردێن. (بڕوانە: ڕەشید،٢٠١٦ :١٢). هەردوو زاراوەکەش وەرگێڕانێکی دەقاودەقی زاراوە ئینگلیزییەکانن، بەڵام لە ڕێگەی زمان و عەرەبییەوە توێژەرانی کورد وەریانگرتوون.

کاتێکیش دێینە سەر پێناسەکردنی ئەم ژانرە، ئەوا دیسان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بیروڕای جیاواز و هەندێجار ناچوونیەک دەبینەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی نەچەسپاوی کورتیلەچیرۆک و تاکە شت، کە هەموو پێناسەکان لەخۆی کۆدەکاتەوە کورتی قەوارەی ئەم جۆرە چیرۆکەیە، کە لە هەموو پێناسەکاندا وەکوو بنەمایەکی سەرەکی جەختی لێکراوەتەوە.

«کورتیلەچیرۆک شێوەیەکی گێڕانەوەیی پوختە و دەوەستێتە سەر ئاڵۆزکردن و چڕکردنەوە و بەبروسکەکردن و سڕینەوە و پەنهانکردن و ئیجا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەرامەکەی سوودیان لێ وەردەگرێت.» (الشمالی،٢٠١٩: ٢٢٣٤). پێناسەیەکی وەها وێڕای کورتی و پوختی کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکەدیاریدەکات، کە هەموویان وەکوو ئامرازێک بۆ کورتکردنەوەی چیرۆک سوودیان لێوەردەگیرێت.

«کورتیلەچیرۆک پارچە پەخشانێکی چیرۆکئامێزی کورتە، کە لە کورتەچیرۆک چڕکراوەترە و هەندێک جار درێژییەکەی لەنێوان ٥٠٠ بۆ ١٥٠٠وشەدایە و ئەم

چەشــنە چیرۆکــە خاوەنــی تێکــڕای بنەمــا و پێکهاتەکانــی کورتەچیرۆکێکــی چڕکراوەیــە.» (فتحــی،١٩٨٦: ٢٧٦). لــەم ڕوانگەیەشــەوە، کورتیلەچیــڕۆک دەبێتــە ڤێرژنێکــی کورتــتر و پوختەتــری کورتەچیــڕۆک، چونکــە هەمــان ڕەگــەز و بنەماکانــی کورتەچیــڕۆک بــەکار دەبــات، تەنیــا لــەو زیاتــر دوای کورتکردنــەوە دەکەوێــت.

٣. تایبەتمەندییەکانی کورتیلەچیرۆک:

کورتیلەچیــڕۆک وەکــوو ژانرێکــی ئەدەبــی ســەردەم، وێــڕای ئــەوەی هاوشــێوەی ڕۆمــان و کورتەچیــڕۆک و شــێوە گێڕانەوەییەکانــی دیکــە کۆمەڵێــک ڕەگــەزی هاوشــێوەی وەک: کات، شــوێن، کارەکتــەر، ڕووداو... بــەکار دەهێنێــت کــە ئەمانــە بنەمــای هاوبەشــی نێــوان ژانــرە پەخشــانییەکانن، بــەڵام لــە بونیــات و پێکهاتەیــدا پشــت بــە کۆمەڵێــک تایبەتمەندیــی دیکــە دەبەســتێت، کــە تــا ڕاددەیــەک کەمــتر لەوانــی تــر دەبینرێــت و وەکــوو بەشــێکی دانەبــڕاو لــە کورتیلەچیــڕۆک حیســابیان بــۆ دەکرێــت و لــەو ڕێگەیــەوە وا دەکــەن دەقەکــە وەکــوو کورتیلەچیــڕۆک خــۆی نیشــان بــدات، نــەک شــتێکی دیکــە.

«عەبــاس عەجــاج» کــە یەکێکــە لــە ڕەخنەگرانــی بــواری کورتیلەچیــڕۆک بــاوەڕی وایــە، کــە، تایبەتمەندییەکانــی کورتیلەچیــڕۆک بریتیــن لــە:» سەرســوڕهێنی و سەرسامکەری، گرفتارکــردن، چیرۆکئامێــزی، لێکدراویــی و ئاوێتەیــی کــردارەکان و چڕکردنــەوە و بــە مەتەڵکــردن، بــە نوکتەکــردن، بەڕەمزکــردن، لادان، دەقئاوێــزان، گاڵتەئامێــزی و جۆراوجۆرکردنــی شــێوازی گێڕانــەوە و نووســین و بچووککردنــەوەی قــەوارە تــا ئاســتی شــیان.» (عجــاج، ٢٠٢٠: ٩).

بــەلای «لویــس بریــرا لیساریس»ــەوە کورتیلەچیــڕۆک بــۆ ئــەوەی پێــی بگوترێــت کورتیلەچیــڕۆک، بــەم تایبەتمەندییانــەی خــوارەوەی جیادەکرێتــەوە:

١.ئامادەیی ڕەگەزی شۆککەر و سەرسوڕهێنەر.

٢.بوونی پێوەندی لەنێوان ناونیشان و گرێچن و کۆتایی.

٣.خۆپارێزی لە ڕستەی درێژ.

٤.دوورکەوتنــەوە لــە شــەرح و فرەوانــکاری، چونکــە ســیحرە تایبەتییەکــەی لەنــاو دەبــات.

٥جۆراوجــۆری کۆتایــی: ســوپرایز، دەرســی ڕەوشــتی، حیکمــەت...

٦.کەمکردنــەوەی وەســف، چونکــە بەرگــەی وەســفی دورودرێــژ ناگرێــت.

٧. دەقــی زۆر کــورت نوکتــە نییــە: واتــە کورتیلەچیــڕۆک و نوکتــە وێــڕای ئــەوەی پێــک دەچــن، بــەڵام جیــاوازن لەیــەک و دەشــێت نوکتــە ببێتــە کەرەســەیەک بــۆ کورتیلەچیــڕۆک. (بڕوانــە: الیــاس، ٢٠١٠: ٧٦).

ئــەم تایبەتمەندییانــە لای ڕەخنەگــری مەکســیکی «لاورزا خــالا» چەنــد شــتێکی دیکــەی وەک: «کورتبــڕی، ئیحــا، دەقئاوێــزان، ڕەنگوبــۆی پەرەگرافــی.» (بــن عبدالواحــد، ٢٠٠٤: ٢٩) دەگرنــەوە.

هەرچــی «حەمیــد لەحمەدانی»ــیە، ئــەوا پێیوایــە، کــە تایبەتمەندییەکانــی کورتیلەچیــڕۆک بریتیــن لــە:» چڕکردنــەوە، ئایرۆنــی، هەڵبــەز و دابــەزی ڕووداو، بەپیتــی دەلالــەت، باڵادەســتی گێــڕەرەوە، تەنــز، کتوپــڕی و سەرســوڕهێنەری، جەختکــردن لەســەر هەڵوێســت و بارودۆخــی مرۆڤایەتــی، تراژیــدی بــوون، قووڵــی واتــای ڕەخنەکردنــی واقیــع، لیریکــی بــوون، گرتــەی دیمەنــی.» (الحمدانــی،٢٠١٢: ٥٦).

٤.کورتیلەچیرۆک و شیعر:

گومــان لــەوەدا نییــە، کــە کورتیلەچیــڕۆک بــۆ بونیاتــی خــۆی ســوود لــە زۆرینــەی ژانــرە ئەدەبییەکانــی دیکــە وەردەگرێــت بــە کــۆن و نوێــوە، بــەڵام لــە هەموویــان زیاتــر لــە شــیعر نزیکدەکەوێتــەوە و زۆرتریــن ڕەگــەز لــە شــیعر وەردەگرێــت، لەمبارەوە ڤێرجینیــا وۆڵــف دەڵێــت: «بێگومــان ئاینــدەی چیــرۆک بەناچــاری دەگۆڕێــت بــە شــیعر و شــیعر زۆرینــەی تایبەتمەندییەکانــی دەخاتــە نــاو پەخشــانەوە، لەبەرئــەوەی شــیعر بەپێــی بۆچوونــی وۆڵــف شکســتی هێنــاوە لــە خزمەتکــردن بــە مەبەســتە و مەرامەکانــی ســەدەی بیســتەم و ئــەو وا ســەیری دەکات، کــە چارەســەری ئــەم کێشــەیە لەســەر دەســتی چیرۆکــی شــیعرییەوە دەبێــت، یاخــود بــە تەبەنیکردنــی هەندێــک لــە ڕەگەزەکانــی شــیعر لەلایــەن چیرۆکــەوە دەبێــت.» (الصــمادی،٢٠٠٧: ١٤٤). ئەگــەر ئــەم بۆچوونــەی وۆڵــف نەختێــک ڕاستی تێدابێــت، ئــەوا کورتیلەچیــڕۆک ئــەو ژانرەیــە، کــە ئــەم کارەی ئەنجامــداوە و زۆرێــک لــە ڕەگەزەکانــی شــیعری وەرگرتــووە و تواندوتیــەوە و تەنانــەت لــە هەندێــک بــاردا، ئەگــەر نووســەر خــۆی ئامــاژە بــەوە نــەکات، کــە ئــەم دەقــە کورتیلەچیرۆکــە، ئــەوا خوێنــەر ناتوانێــت لــە شــیعر جیایبکاتــەوە، چونکــە هەمــوو پێداویســتییەکانی شــیعری تێدایــە

بەتایبەتیش کورتیلەشیعر، نەک هەر ئەوەندەش بگرە گەلێک توێژەر لە پێناسەی کورتیلەچیرۆکدا ئەم نزیکایەتییە بە کۆڵەگە و مەرجی سەرەکی دادەنێن و دەڵێن: «کورتیلەچیرۆک بریتییە لە ژانرێکی تێکەڵ، یان دوورِە، کە لە بەشێک لە شیعر و بەشێک لە گێرانەوە پێک هاتووە.» (Abbasi&Alsharqi,2015:53). بەو پێیەش مەرجی بوونی هەندێک لە ڕەگەزە شیعرییەکان لەناو کورتیلەچیرۆکدا شتێکی خۆڵێلانەدراوی نووسینی کورتیلەچیرۆکە لەسەر شێوازە هاوچەرخەکەی.

ئەم نزیکایەتی و سوودوەرگرتنەش لە هەردوو لایەنی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە دەبێت، واتە نزیکایەتییەکە هەر شێوەیی، یا کرۆکی نییە، بەڵکوو هەردووکیانە، چونکە«کورتیلەچیرۆک لەگەڵ شیعردا لە کۆمەڵێک خاسیەتدا هاوبەشی دەکەن لەوانە چڕکردنەوەی خەیاڵ و پتەوی شێواز لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی ئەرێنیانەی وشەکانەوە.» (حمزە و حنبلی،٢٠٢٠: ٢٢). ئەم خاسیەتانەش هەندێکیان دەچنە خانەی ناوەڕۆک و هەندێکی دیکەشیان دەچنە خانەی ڕووخسارەوە.

٥.بونیاتی زمان لە کورتیلەچیرۆکدا:

زمان گرنگترین و سەرەکیترین کەرەسەی کاری ئەدەبییە و بەهێزترین ئامرازی بەردەستی نووسەرە بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە بیرۆکەکانی خۆی. بەکارهێنانی زمان لە هەر یەکێک لە ژانرە ئەدەبییەکاندا جیاوازە، بۆ نموونە لە ڕۆماندا بەهۆی ئەوەی پانتایی ژانرەکە بەرفرەوانە، نووسەر دەستکراوەترە لە بەکارهێنانی هەندێک ڕەگەز، هەر بۆیەشە زمانی ڕۆمان لەڕووی ڕەوانبێژییەوە زمانێکی ڕوونتر و سادەترە، بەپێچەوانەشەوە لەبەرئەوەی شیعر درێژییەکی دیاریکراوی هەیە و شاعیر ناچارە زمان چڕبکاتەوە و زیاتر سوود لە هونەرە ڕەوانبێژییەکان وەربگرێت، بۆیە زمانی شیعر زمانێکی ئاڵۆز و نادیار و پێچاوپێچە.

گومان لەوەدا نییە، ئەگەر کورتیلەچیرۆک ورد بکرێتەوە، ئەوا واتا و کاریگەرییەکەی هیچی لە دەقێکی دیکەی درێژ کەمتر نییە، ئەوە هەیە وەک «موحەممەد بن جەبار ئەلنەفری» دەڵێت: «هەتا جیهانبینی فرەوانتر بێت، ئەوا دەربڕین تەسکتر دەبێتەوە.» (عقاری و بن صالح،٢٠١٩: ٦). لەم ڕوانگەیەشەوە کورتیلەچیرۆک سەر ە جیهانێکی فرەوان و تێگەیشتنێکی قووڵی مرۆڤە بۆ ئەو جیهانە پانوپۆڕە، بۆیەشە زمانەکەی تووشی کورژبوونەوە هاتووە.

«وۆڵتەر کامبێڵ» لەبارەی سروشتی زمان لە کورتیلەچیرۆکدا دەڵێت: «نووسینی کورتیلەچیرۆک پێویستی بە لێزانییەکی زیاتر و خێراییەکی زیاتر و چڕکردنەوەیەکی زیاتر و وەستاییەکی مەزنتر هەیە.» (بربر،٢٠١٤: ٧).

زمان لە کورتیلەچیرۆکدا بەپلە یەک مەحکومە بە قەوارەی دەقەکەوە، بە واتایەکی دیکە لەبەر ئەوەی کورتیلەچیرۆک وەکوو شیعر پانتاییەکی دیاریکراو و بچووکی هەیە و لە دێڕێکەوە دەست پێ دەکات بۆ دوو لاپەڕ، بۆیە نووسەر لەسەریەتی زمانی دەقەکەی چڕ بکاتەوە و هاوشێوەی شیعر مامەڵە لەگەڵ زمان بکات و بە وردبوونەوە لەو نموونانەی بەردەستمان تێبینی ئەوە دەکەین، زۆرترین هونەرە زمانییەکانی شیعر لەلایەن کورتیلەچیرۆکەوە وەرگیراون، بۆیەشە»زمان لە کورتیلەچیرۆکدا گوێزەرەوەی ڕووداو نییە بەقەد ئەوەی، کە بونیاتنەریەتی و ئەم خەسڵەتەش زیاتر لە شیعر نزیک دەبێتەوە.» (الصمادی،٢٠٠٧: ١٤٨).

ئەگەر وای دابنێین لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا ڕەگەزێک، یاخود تەکنیکێک لایەنی سەرەکی بێت و پێویستی بە گرنگیپێدانێکی زیاتر بێت لەلایەن نووسەرەوە، ئەوا بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین لەم جۆرە چیرۆکەدا بە پلەیەک کورتکردنەوە و پوختەکردنی زمان چەقی گرنگیپێدانن، چونکە» کورتکردنەوە گرنگترین لایەنی ئەدەبییە لە نووسینی کورتیلەچیرۆکدا و ئەو نووسەرەی دەیەوێت کورتیلەچیرۆک بنووسێت، بێگومان دەبێت شارەزایی هەبێت لە شێوازی کورتکردنەوەدا بۆ ئەوەی بە چنینێکی ڕاست و دروست وشەکانی کورتیلەچیرۆکەکە فۆرمەلە بکات.»(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٢: ١١٠). هەر ئەم خاڵە جەوهەرییەشە وایکردووە، کە ڕێژەی نووسەرانی کورتیلەچیرۆک بەراورد بە ژانرە گێڕانەوەبەندیەکانی دیکە کەمتر بێت،چونکە هەموو نووسەرێک ناتوانێت زمان لە کورترترین و بچووکترین شێوەی مومکیندا نیشان بدات و مەرج نییە ئەوەی توانی ڕۆمانێک، یا کورتەچیرۆکێکی سەرکەوتووی نووسی بنتوانێت لە کورتیلەچیرۆکیشدا

سەرکەوتوو بێت، ئەمەش لەبەر ئەو پابەندبوونە سەختەی نووسەرە بە زمانەوە و لە جۆرەکانی دیکەدا نووسەر ئەگەر کەمێکیش ئاگای لە زمان بېڕێترەنگە خوێنەر هێندە هەستی پێنەکات، بەڵام لێرەدا بچووکترین و کەمترین دەرچوون لەو سیستمە کورتبڕییەی، کە ژانرەکە داوای دەکات نووسەر ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە دەکاتەوە، بۆیە دەبێت هەمیشە وریای ئەو دەزووە بێت، کە لە دەستی گرتووە.

کورتیلەچیرۆک لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوە بۆشاییەک لەنێوان خۆی و ژانرە گێڕانەوەییەکانی دیکەی وەک کورتەچیرۆک و ڕۆمان دروست دەکات و دێت بە پلەیەک لە زمانی شیعر نزیک دەکەوێتەوە، چونکە ئەم زمانە لەگەڵ پانتایی کورتیلەچیرۆک یەکدەگرێتەوە و نووسەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم زمانەوە دەروەستی دەقەکەی بێت و بەبێ پەلهاوێژی و لق و پۆپ لێبوونەوە لە کورتترین مەودای زمانیدا دەقەکەی پێشکەش بکات. دیارە ئەمەش هەر لەخۆوە نایەتەدی و وەکوو گوتمان لە ڕێگەی وەرگرتنی هەندێک ڕەگەزی زمانی شیعرییەوە دەبێت، هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەم ڕەگەزانە تەنیا پێوەست نین بە زمانی شیعرەوە و دەشێت لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە دەرکەون، بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانی شیعریدا زیاتر دەردەکەون و پشتیان پێدەبەسترێت، بۆیە وەکوو خاسیەتێکی زمانی شیعر باسیان لێوەدەکرێت و گرێدراون بەو زمانەوە.

کورتیلەچیرۆک لەپێناو نزیک کەوتنەوە لە زمانی شیعری بە پلەیەک ئیش لەسەر بچووککردنەوە و لابردن و کوشین دەکات و هەوڵ دەدات زیادەکان وەلاوە بنێ و تا ئەوپەڕی شیان پەڕوباڵی زمان بکات لەم لایەنەوە«دەکرێ وا وەسفی بروسکەچیرۆک بکەین، کە دڵۆپێکی چڕە لە گوڵاوێکی بۆنخۆش، لەبەرئەوەی ئێمە وشە هەڵبژێردراوەکان دەکوشین و دەیگەیەنین بە خوێنەر و ئەوەی، کە زیادە فڕێیدەدەین ئەمەش یەکێکە لە ئیستاتیکاکانی کورتەچیرۆکی ئاسایی و مەبەستمان لە وشەکان لەڕووی چەندێتییەوەی و هەڵبژاردنیش لەڕووی چۆنیەتییەوە.»(عقاری و بن صالح،٢٠١٩: ٧). نووسەری کورتیلەچیرۆک دەبێت خاوەن ورياييەکی لەڕادەبەدەر بێت لە بەکارهێنانی وشەکاندا، چونکە لەمپەری ژمارە لەبەردەمیدا هەیە و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی وشە بەکارببات و ئەمەش وایلێ دەکات بیر لە هەڵبژاردنی وشەگەلێک بکاتەوە، کە واتا و مەدلوولی زۆر هەڵدەگرن، بە واتایەکی دیکە ئەم وشانەی نووسەر دەستیان بۆ دەبات لەڕووی ژمارەوە کەمن، بەڵام لەڕووی واتاوە کاریگەرییەکی زۆر دەخوڵقێنن.

«چڕکردنەوەی زمانی ڕەگەزێکی کاریگەر و زیندووە لە بونیاتی قەوارەی کورتیلەچیرۆکدا لە ڕووی فۆرمی گشتییەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا چەند لایەنێکی وەک لێکچواندن و خوازە و خواستن و ڕەمز و دوالیزمەکان لەخۆدەگرێت، کە ئەمەش بنەڕەت و کۆڵەگەیە لە نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکەدا.»(المناصرة،٢٠١٥: ٣٤). چڕکردنەوەی زمان لە کورتیلەچیرۆکدا بە مەرامی زێدەکردنی واتا لە ڕێگەی کەمکردنەوەی وشەکانەوە ئەنجام دەدرێت و دیارە بۆ ئەم مەبەستەش یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکان ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانەن، کە لەڕووی واتاییەوە وا لە زمان دەکەن دوو، یا سێ بەقەد واتای وشەکان واتا بدەن بەدەستەوە.

کورتیلەچیرۆکنووس لە ڕێگەی پوختەکردنی زمانەوە دەتوانێت بابەتێکی گەورە و گرنگ لە ڕێگەی چەند وشەیەکی دیاریکراوەوە دەرببڕێت و قەناعەت بە خوێنەر بکات، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە لەڕووی واتاییەوە ڕۆمان و کورتەچیرۆک کەمتر نییە و وەکوو ئەوان دەتوانێت بابەتێکی گرنگ و کاریگەر بخاتەڕوو.

«هونەری کورتیلەچیرۆک گرنگی بە کرۆک دەدات نەک ڕواڵەت و هەوڵ بەرەو هۆکارەکان دەدات نەوەک ئەنجامەکان لە ڕێگەی دەستەمۆکردنی ڕەمز و ڕووتەڵخوازی و ناماقووڵ و فانتازیاوە.»(سعدون،٢٠١٢: ٥). دیارە ئەمە فەرامۆشکردنی ڕووخسار و زمان ناگەیەنێت، چونکە هەموو ئەو شتانە لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت و بەهۆی پوختەکردنی زمانەوە واتاکان لە وشەگەلی کەم و بچووک باردەکرێن و دەشێت کەرەسەکانی زمان لەم جۆرە چیرۆکەدا بە چەند قوتووێک بچوێنین، کە هەموویان دەچنەوە ناو قوتووە گەورەکە، واتە نووسەر لە ڕێگەی

پوختەکردنـەوە هەمـوو واتـاکان دەخاتـە سـەر ئـەو وشـانەی، کـە لـە دەقەکـە دەرکەوتـوون، بـەڵام لـە نـاوەوەدا کاتێـک خوێنـەر دێـت دەقەکـە شـیدەکاتەوە یـەک یـەک واتـاکان دەردەهێنێتـەوە.

لـە کورتیلەچیرۆکـدا زمـان چیـتر ئـەو زمانـە ئاسـاییە نییـە، کـە دەقـە پەخشـانییەکانیتردا دەبینرێـت و نووسـەر تـا پێیبکرێـت لەسـەریەتی ئـەو زمانـە چڕبکاتـەوە و کورتـی بکاتـەوە و ئـەم کورتکردنەوەیـەش نابێـت وابـکات زیـان بـە ڕەگەزەکانـی دەقەکـە بـگات و لەمەشـدا تاکـە چارەسـەر پەنابردنـە بـۆ زمانـی شـیعر و ئـەو ڕەگەزانـەی، کـە زمانـی شـیعری پشـتیان پێدەبەسـتێت، بۆیەشـە دەگوترێـت: « زمـان لـەم جـۆرە چیرۆکانـەدا زیاتـر زمانێکـی وێنەییـە و زمـان تیایـدا وەکـوو بینینە.»(کولایـی و ابوخیلـی، ١٣٩٣: ١٠٢). وێنەییـە، چونکـە کاتێـک خوێنـەر کورتیلەچیرۆکێکـی چڕکـراوە دەخوێنێتـەوە هەسـتدەکات، کـە زمانەکـەی زۆر ڕەگـەزی دیکـەی تێـدا توێنراوەتـەوە و ئـەو ڕەگەزانـە لەنـاو زمانـدا ئاوێتـەی یـەک کـراون و پێویسـتە لەسـەری یـەک بـە یەکیـان لێکبکاتـەوە، یاخـود بزانێـت چـی و چیـن تێکـەڵ بەیـەک کـراون هـەروەک چـۆن بینەرێـک بەرانبـەر تابلۆیـەک دەوەسـتێت و لـە ڕێگـەی بینینـەوە دەچێتـە ئەودیـوی تابلۆکـە و ئـەو کـۆد و ئاماژانـە دەدۆزێتـەوە، کـە نیگارکێـش لەپێنـاو بەخشـینی دنیایەکـی دڵڕفێـن لەنـاو تابلۆکـەدا شـاردونەتیەوە.

پوختەکردنـی زمـان ڕێگـەی ئـەوە لـە نووسـەر ناگرێـت، کـە دەسـتبەرداری هەندێـک لـە ڕەگـەزە ئیسـتاتیکییەکان بێـت، بەپێچەوانـەوە ئـەم کورتکردنەوەیـە دەبێتـە هۆکارێـک بـۆ زێدەترکردنـی بەهـای جوانیناسـی دەقەکـە و لـەم ڕوانگەیەشـەوە»کورتکردنەوە و سـنووردارێتی، کـە کورتیلەچیرۆکـی پـێ جیادەکرێتـەوە وای لێدەکـەن دیـل و دوور نەبێـت لـە ڕازاندنەوەکاری.»(لنگـرودی و جانسـیز و رومیـە،٢٠١٥: ٢١).

هەمـوو ئەوانـەی لەبـارەی زمانـی کورتیلەچیـڕۆک باسـمان لێوەکـردن جەختیـان لەسـەر گرنگییـدان بـە چڕکردنـەوەی زمـان و کورتکردنـەوەی زمـان دەکـردەوە و ئێسـتا شـیاوی ئەوەیـە، کـە هەندێـک لـەو ڕێـگا و میکانیزمانـە بـاس بکەیـن، کـە دەبنـە هـۆی پوختەکردنـی زمـان لـە کورتیلەچیـڕۆک و زمانـی کورتیلەچیرۆکیـان پێدەناسرێتـەوە.

یەکـەم: ئـەو میکانیزمانـەی پێوەسـتن بـە ڕووخسـار و بەکارهێنانـی ژمـارەی وشـەکانەوە:

١.بەکرداریکردنی وشە و ڕستەکان:

ئـەم تایبەتمەندییـە، یەکێکـە لـە لایەنـە دیارەکانـی زمانـی کورتیلەچیـڕۆک لەبەرئـەوەی «کورتیلەچیـڕۆک پێویسـتی بـە ڕسـتەگەلێکی کـرداری کـورت و خێـرا و بەدواییەکداهاتـوو، یـان ڕسـتەگەلێکی نـاوی خـاوەن توانایەکـی کـرداری هەیـە.» (البطاینـە،٢٠١١: ٢٢٦). مەبەسـت لـە ڕسـتەی کـرداری، یاخـود ڕسـتەی نـاوی خـاوەن توانایەکـی کـرداری ئەوەیـە، کـە وشـە و ڕسـتەکانی کورتیلەچیـڕۆک کەمـتر وشـە و ڕسـتەی ئاوڵنـاوی و وەسـفی بـن و لەبەرانبـەردا وشـە و ڕسـتەی کردارنوێـن زیاتـر بـن. ئـەم تایبەتمەندییـە چڕێتییەکـی تایبـەت بـە زمانـی کورتیلەچیـڕۆک دەبەخشـێت و وادەکات نوسـەر زیاتـر ئابـوری بـکات لـە بەرکارهێنانـی وشـە و ڕسـتەکاندا و وەکـوو نموونـە بـۆ ئەمـە دەتوانیـن کورتیلەچیرۆکـی «گـرێ»ی «قانیـع خورشـید» وەربگریـن:

«هیچـی وەکـوو پێشـتر نەمابـوو، گوتـەی، کـردەی، خـواردن و خەوتـن و جووڵـەی...، سـەر دەرناکـەم، بۆچـی کاتێـک پیـاو ناتوانێـت دڵـی ئـەو کچـەی خۆشـیدەوێت داگیـر بـکات، گۆڕانێکـی وەهـای بەسـەردا دێت؟!»(خورشـید،٢٠٢١: ٧٩). وەک دەردەکەوێـت نووسـەر کەمتریـن ڕێـژەی نـاو و ئاوڵنـاو و ئاوەڵـکاری بـەکار هێنـاوە و لەبەرانبـەردا زۆرتریـن ڕێـژەی کـرداری بـەکار هێنـاوە و کردارەکانیـش خێرایـی و جووڵەیـان بـە ڕەوتـی گێڕانـەوەی ڕووداو بەخشـیوە و ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی، کـە لـە کەمتریـن پانتایـی وشـە بەکارهێنانـدا چیرۆکەکـە کۆتایـی پێبێـت و قورسـایی واتـاکان بکەوێتـە سـەر کـردارەکان، چونکـە نووسـەر چەنـد ڕەهەندێکـی ژیانـی تایبەتـی کارەکتـەر لـە چەنـد وشـەیەکدا دەخاتـەڕوو، کـە لـەڕووی بەشـە ئاخاوتنـەوە لەسـەر کـردار هەژمـار دەکرێـن.

٢.سوودەوەرگرتن لە جێناو و پیت و ژمارە:

مەبەسـت لـەم خاڵـە ئەوەیـە، کـە کورتیلەچیرۆکنووسـان گەلێـک جـار بـۆ ئـەوەی وشـە کەمـتر بەفیـڕۆدەن و دەقەکانیـان لـە کورتتریـن شـێوەدا دەرکەوێـت پشـت بـە جێنـاو و پیتـەکان دەبەسـتن بـۆ نـاوی کارەکتەرەکانیـان و ئەمـەش وادەکات فۆرمـی

گشـتی چیرۆکەکـە کورتـتر لەبەرچـاوی خوێنـەر خـۆی نیشـان بـدات، جگـە لەمـەش لـەو ڕێگەیـەوە نووسـەر ئـەوە لەکـۆڵ خـۆی دەکاتـەوە، کـە لـەڕووی ڕەچەڵـەک و شـێوەوە کارەکتـەر بناسـێنێت.

«عەزیــز مەحموودپــوور» لــە کورتیلەچیرۆکــی «ململانەیەکـی فەلسـەفی»دا بـۆ کورتکردنەوەیەکـی زێدەتـری کورتیلەچیرۆکەکـــەی هاتـــووە جێنـــاوی «ئـــەو»ی لـــە بـــری نـاوی هـەردوو کارەکتەرەکـەی نـاو چیرۆکەکـە بـەکار هێنـاوە و ئەمــەش دوو چاکــەی هەیــە. یەکەمیــان جــۆرە نادیــاری و لێڵییەکـی ئیسـتاتیکی باڵـی بەسـەر چیرۆکەکـە کێشـاوە و ئاڵۆییەکـی وای دروسـت کـردووە، کـە خوێنـەر نەتوانێـت بـە ئاسـانی کەسـەکان لێـک جیـا بکاتـەوە و ئـەم پرۆسـەیەش هەنگاوێکـە بـۆ زێدەترکردنـی چێـژی ئیسـتاتیکی دەقەکـە و زێدەترکردنـی شـیعرییەت، لەلایەکـی تـرەوە لـە ڕێگـەی ئـەم جێنـاوەوە توانیویەتـی خـۆی لـە هێنانـی نـاوی کارەکتـەرەکان بپارێزێـت و ژمـارەی وشـە بەکارهاتـووەکان کەمبکاتـەوە، واتـە لەبـری ئـەوەی نـاوی کارەکتەرەکـە و باوکـی بهێنێـت، یـا دوو نـاوی جیـاواز بـۆ دوو کارەکتەرەکـە بئافرێنێـت بـە جێناوێـک مەبەسـتەکەی پێـکاوە. (بڕوانە:مەحموودپـوور،١٣٩٨: ١٠٤-١٠٥)

هەروەهـا نموونەیەکـی دیکـەی ئـەم جـۆرە کورتکردنەوەیـە لـە کورتیلەچیرۆکـی «ژماردنـەوە لـە قوژبنێکـی دیکـەوە»ی «فەرهـاد مسـتەفا»دا دەردەکەوێـت. کاتێـک نووسـەر لەبـری نووسـینی ژمـارەکان، ڕاسـتەوخۆ ڕەنووسـە بیرکارییەکانـی نووسـیوە و ئەمـەش وای کـردووە جۆرێـک لـە کورتبـڕی بـۆ دەقەکـە فەراهـەم بێـت بـۆ نموونـە لەبـری ژمـارە ١٦٢دا، کـە بەشـێوەی نووسـین دەبێتـە «سـەد و شەسـت و دوو» واتـە دەبێتـە پێنـج وشـە نووسـەر بـە سـێ ڕەنـووس ئـەم پێنـج وشـەیەی کورتکردووەتـەوە بێئـەوەی هیـچ کارێـک بکاتـە سـەر ماناکـەی، یـا لەبـری ژمـارە ٨٤ کـە دەبێتـە سـێ وشـە بـە دوو ڕەنـووس ژمارەکـەی نووسـیوە. (بڕوانـە مسـتەفا،٢٠١٩: ٩٢).

٣. سڕینەوە:

مەبەسـت لـە سـڕینەوە ئەوەیـە، کـە نووسـەر بەشـێک لـە پێکهاتـەی زمانـی کورتیلەچیـڕۆک دەسـڕێتەوە بەبـێ ئـەوەی ئـەم سـڕینەوەیە هیـچ کێشـەیەکی ڕێزمانـی و واتایـی بـۆ کورتیلەچیرۆکەکـە دروسـتبکات، نـەک هـەر ئـەوە بگـرە ئـەم جـۆرە سـڕینەوەیە سـڕینەوەیەکی هونەرییانەیـە و وادەکات خوێنـەر بەشـدار بێـت لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی واتاکانـی دەق و پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی نـاو دەق، واتـە خوێنـەر لـە ڕێگـەی ئەمـەوە دەبێتـە خوێنەرێکـی چـاڵاک و کارا هەسـت و هۆشـی تەرخـان دەکات بـۆ ئـەم جـۆرە سـڕینەوەیە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی «لـەم جـۆرە چیرۆکـەدا هەندێـک جـار دەشـێت لەبـری قسـەکردن سـوود لـە نیشـانەکانی خاڵبەنـدی وەربگیرێـت تـا لەبـری قسـەکردن بـە دانانـی نیشـانە بێدەنگـی بکرێـت و لەهەمـان کاتیشـدا قسـە بکرێـت.» (برزوئـی و مقـدم و رحیمـی،١٣٩٨: ٩٦). بـەم پێیـەش سـڕینەوە لـە کورتیلەچیرۆکـدا زۆربـەی کات لـە ڕێگـەی دانانـی نیشـانەکانی خاڵبەندییـەوە دەکرێـت و هاتنـی ئـەم نیشـانانە ئاماژەیەکـن تـا خوێنـەر بزانێـت، کـە بەشـێک لـە چیرۆکەکـە سـڕاوەتەوە، جـا ئـەو بـەش دەشـێت کـورت، یـا درێـژ بێـت.

لـە کورتیلەچیرۆکـی کوردیـدا ئـەم جـۆرە سـڕینەوە هونەرییـە زۆر سـوودی لـێ وەرگیـراوە و نووسـەرانی کـورد لـە ڕێگـەی دانانـی ئامـاژە زمانییەکانـەوە توانیویانـە ئـەم جـۆرە سـڕینەوەیە بکـەن و لـەو ڕێگەیەشـەوە زمانـی کورتیلەچیرۆکەکەیـان پـتر چڕبکەنـەوە.

«عەزیـز مەحموودپـوور» لـە کورتیلەچیرۆکـی «خولیـا»دا سـڕینەوەیەکی لـەم چەشـنەی ئەنجـام داوە:

«چاوەڕوانـی تـەواوی ئـەو سـاڵانەت دێتـەوە یـاد وا بەهیـوا بـووی کەسـێک جێژنانـەت داتـێ. ئێسـتاش هـەروا بـەردەوام سـەری هەمـوو جێژنێـک پێتوایـە ئاخـری ڕۆژێـک کەسـێک دێ و...» (مەحموودپـوور،١٣٩٨: ٩٥). ئـەم جـۆرە سـڕینەوەیە، کـە لـە شـوێنیدا سـێ خـاڵ دانـراوە هـۆش و خەیاڵـی خوێنـەر بـەرەو دوو ئاڕاستە پەلکێش دەکات. یەکەمیـان دەشـێت ئـەوە بێـت، کـە نووسـەر بـۆ ڕێگریکـردن لـە دووبارەبوونەوەیەکـی وەڕزکـەر پەنـای بـۆ بردبێـت، چونکـە پێشـووتر ئامـاژەی بـە

شتەکە کردووە و هەموو کەسێک دەیزانێت و پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە. دووەمیشیان ئەوەیە، کە گریمانەی جیاوازی ئەمجارەیان بەراورد بە جارەکانیتر دەردەخات، واتە بەهۆی سڕینەوەکەوە نووسەر هەوڵ دەدات خوێنەر بخاتە حاڵەتێکی دوودڵی و گومانەوە بەوەی، کە ئەم جارە بژاردەیەکی جیاوازتر لەوانەی پێشوو بخاتە ناو بۆشاییەکەوە.

«سارا سادقزادە» لە کورتیلەچیرۆکی «حەوتەکان چەند حەوتن؟»دا لە ڕێگەی دانانی سێ خاڵەوە لە چەندین شوێندا سڕینەوەی ئەنجام داوە:

«وای لێ دێ، ئەمجار دڵت و سنگت لاواز دەبێ و ئەو گەورەتر... یان لە شوێنێکی دیکەی چیرۆکەکە دەڵێت: دەتوانی شکایەت بکەی. پارێزەرێک بۆ خۆت بگرە. هەموو شتێکت دەکەوێ، مارەیی و... لە شوێنێکی دیکەدا بە هەمان شێوە ئەم جۆرە سڕینەوەیە دەبینین: بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک، بەپێی یاسا حەوتووی جارێک... لە دوای حەوت ساڵ... حەوتووی...» (بڕوانە: سادقزادە،١٣٩٧: ٢٨).

ئەم سڕینەوانە، کە بە دانانی خاڵ شوێنیان پڕکراوەتەوە جۆرە لایەنێکی هونەرکاریانەیان بەخشیوە بە بونیاتی زمانی کورتیلەچیرۆکەکە لە سڕینەوەی یەکەمدا نووسەر لەبری دووبارەکردنەوەی وشەی دەبێت خاڵ دادەنێت، هەرچەندە ئەمە تەنیا ئەگەرێکە و دەشێت لەجێی خاڵەکان وشەی دیکە دابنرێن و لە سڕینەوەی دووەمدا خوێنەر ڕاستەوخۆ چەند ئەگەرێک لە شوێنی بۆشاییە سڕاوەکە دادەنێت وەک ئەوەی ژنی تەڵاقدراو جگە لە مارەیی لە هەندێک کاتدا منداڵیش دەبات، یاخود خەرجی دوای تەڵاقدان وەردەگرێت. لە سڕینەوەی سێیەم خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بە باری شەکەت و هیلاکی دەروونیی کارەکتەری کورتیلەچیرۆکەکە و وێنای بەسەرچوونی ڕۆژە ناخۆشەکانی دوور لە منداڵەکەی دەکات. لە هەر سێ بارا ئەگەرەکان تاڕادەیەکی زۆر ئاشکران، بۆیە نووسەر ڕاستەوخۆ نایان نووسێت و خاڵیان لەشوێن دادەنێت، چونکە ئەگەر کورتیلەچیرۆکنووس هەموو ئەو شتانە باس بکات، کە خوێنەر دەیانزانێت و هەوڵنەدات هەستی کونجکۆڵی خوێنەر بەرەو ئەگەرەکان بجووڵێنێت، ئەوا چیرۆکەکە وەکوو بابەتێکی بێتام خۆی دەنوێنێت بەم پێیەش سڕینەوە، جگە لە ئەرکی پوختەکردنی زمان ئەرکێکی دیکەش لە ئەستۆ دەگرێت ئەویش ئەرکی ئیستاتیکی و زێدەکردنی واتای دەقەکەیە لە ڕێگەی بزواندنی مێشکی خوێنەر بەرەو ئەگەرەکان و دانانی ئەو ئایکۆنانەی، کە لەگەڵ شوێنە سڕاوەکان دەگونجێن.

لە کورتیلەچیرۆکی «کۆدی مرۆڤێکی تێکشکاو»ی «فەرهاد مستەفا»دا نووسەر لە سەرەتای دەقەکەوە سوودی لە سڕینەوە وەرگرتووە:

«ساڵانێک دواتر لە تەمەنی... هیچ کیژێک زریکە ناکات. خۆی گوتبووی: مێرمنداڵێکی قۆڵبەستراو.. تف بەرەو ڕووخسارە تووڕەکەی ڕۆناکات!» (مستەفا،٢٠١٢: ١٢٣). وەک دەبینین نووسەر لە ڕێگەی دانانی سێ خاڵەوە کۆمەڵێک شتی وە ناو و پێگە و کاروکردنەوەی پاڵەوان دەسڕێتەوە و دێتە سەر ئێستایەکی نزیکی ژیانی کارەکتەر و لەوێوە شتەکان باس دەکات.

«باهۆز مستەفا» لە کورتیلەچیرۆکی «کوڕ و کچێکی عاشق» سوودی لە سڕینەوەی بەشێک لە چیرۆکەکەی وەرگرتووە:

«کوڕ: دەزانی کاتی خۆی کە من بەدوات دەکەوتم، تۆ ڕات دەکرد؟

کچ: ئەو کاتانەی منیش بەدوای تۆ دەکەوتم تۆ ڕات دەکرد.

کوڕ: ئێستا کەسمان ڕاناکەین، بەڵام وەک پێشتر...

کچ: بێدەنگ بە، با ئەو منداڵە خەبەری نەبێتەوە.» (مستەفا،٢٠٢٠: ١٤٣).

لەم چیرۆکەدا نووسەر لە ڕێگەی دانانی سێ خاڵەوە، بەشێکی گرنگی بەسەرهاتی هەردوو کارەکتەرەکەی سڕیوەتەوە و ڕادەستی خوێنەری کردووە و ئەم جۆرە سڕینەوەیە وێڕای کەمکردنەوەی ژمارەی وشەکانی چیرۆک ڕەهەندێکی دیکەی بۆ چیرۆکەکە زیادکردووە ئەویش وروژاندنی هزری خوێنەرە لە ڕێگەی پێدانی چەند کۆدێک وەک ئەوەی لە ڕابردوودا کوڕ و کچەکە زۆر یەکیان خۆش ویستووە و عەوداڵی یەک بوون، بەڵام بە هێنانی

وشـــەی «بـــەڵام» و دانانـــی ســـێ خـــاڵ خوێنـــەر دەتوانێـــت گریمانـەی ئـەوە بـکات، کـە باڵانسـی ئـەم خۆشەویسـتییە لـە ئێسـتادا کەمـتـرە بـەراورد بـە پێشـوو.

٤. بەکارهێنانی دیالۆگ:

دیالـۆگ لـە سـادەترین ناسـاندیدا بریتییـە لـە گفتوگـۆی ئاسـاییی نێـوان دوو کارەکتـەر، یـان زیاتـر و تەکنیکێکـە لـە زۆرینـەی ژانـرە گێڕانەوەبەنـدەکان سـوودی لـێ وەردەگیرێـت.

کورتیلەچیـرۆک بەهـۆی ئـەوەی قەوارەیەکـی کـورت و دیاریکـراوی هەیـە، زۆر پشـت بـەم تەکنیکـە دەبەسـتێت ئەمـەش زیاتـر لەپێنـاوی خێراترکردنـی ڕووداوە، چونکـە نووسـەر لـە کورتیلەچیرۆکـدا دەیەوێـت لـە کورتتریـن مـەودای بەکارهێنانـی زمانـدا دەقەکـەی پێشـکەش بـکات، بۆیـە دیالـۆگ باشـترین ڕێگەیـە بـۆ چڕکردنـەوەی زمـان و کەمـتر بەفیڕۆدانـی وشـەکان.

ئـەو دیالۆگـەی لـە کورتیلەچیرۆکـدا سـوودی لـێ وەردەگیرێـت، پتر دیالۆگێکـی کورتـە و زۆرجـار لەسـەر شـێوەی پرسـیار و وەڵامـی کـورت دەردەکەوێـت و بـە وشـەگەلی وەک بەڵـێ، نەخێـر، نازانـم... یـان دەربڕینـی دیکـەی هاوشـێوە بەرەوپێشـەوە دەچێـت و کارەکتـەرەکان لـەو ڕێگەیـەوە ناچنـە نـاو وردەکارییەکانـی شـتەکان و بـە کەمتریـن تێچـوو زۆرتریـن واتـا دەردەبـڕن و هەندێـک کات شـتەکان بـۆ خوێنـەر جێدێڵـن تـا خـۆی بەدوایانـدا بچێـت و ئەمـەش لەسـەر هـەردوو شـێوەی دیالۆگـی ڕاسـتەوخۆ و دیالۆگـی ناڕاسـتەوخۆدا دەردەکەوێـت.

لـە کورتیلەچیرۆکـی «قاچاخـەکان»ی «شـاناز جەوانشـیر»دا نووسـەر پشـتی بـە دیالـۆگ بەسـتووە:

«بـە دەنگـی پیـاوە هەواڵنێرەکـە یـەک بەخـۆم دادەچڵەکێـم: ئـەی بـۆ نـاڕۆی؟!

-ئێ.. چاوەڕێم!

لە کوێوە هاتووی؟

کوردستان.

کوردستانی؟

هەر کوردستان.

ناو؟

قارەمان.

پیشە؟

ڕۆژنامەنووس.

سەفەر چۆن بوو؟

سەخت!

قاچاخ، ئەرێ؟!

ئەرێ، قاچاخ!

چاوەڕێی کێی؟

ژنەکەم و دوو کچەکەم، بە پاپۆڕەکەی دوایی دەگەن.

یانی هەتا دێن ئاوا دادەنیشی و لە دەریا دەڕوانی؟

بەڵـێ هەتـا دێـن، ئـاوا لێـرە دادەنیشـم و لـە دەریـا دەڕوانـم.» (جەوانشـیر،٢٠٢١: ١٩١).

وەک دەبینیـن چیرۆکەکـە بـە تەواوەتـی لەسـەر دیالۆگێکـی کورتـی نێـوان دوو کارەکتـەر بونیاتـنراوە و نووسـەر تـا پێـی کـراوە ئابـووری کـردووە لـە بەکارهێنانـی وشـەی زیـاد و وەسـفکاری و گوتـەکان لەسـەر شـێوەی پرسـیار و وەڵامێکـی کـورت دەردەکـەون و هیـچ جـۆرە وردەکارییەکیـان تیـادا بـەدی ناکرێـت و خوێنـەر لـە دووتوێی پرسـیار و وەڵامەکانـدا دەتوانێـت شـتی زیـادەی دیکـە بخاتـە سـەر وشـەکان و لـە ڕاستیشـدا بوونـی ئـەو جـۆرە پرسـیار و وەڵام لـە دیالۆگـەکان و ئـەو شـێوە وەڵامدانەوەیـە کردنـەوەی دەرگایەکـە بەسـەر خوێنـەر بـۆ دووبـارە بەرهەمهێنانـەوە دەقەکـە و زێدەترکردنـی واتـای دەقەکـە، چونکـە لـە جـۆرە دەقێکـی ئـاوادا نووسـەر هاوشـێوەی شـاخێکی سـەهۆڵین دەنوسـێت، کـە حـەوت بەشـی لەژێـر ئـاوە و تەنیـا بەشـێکی بەدەرەوەیـە و خوێنـەر لـە ڕێگـەی ئـەم بەشـە ڕووکەشـە دەتوانێـت پـەی بـە ئاسـتە قووڵەکـە ببـات و نادیارییەکانـی نـاو دەقەکـە بدۆزێتـەوە و واتـاکان زیاتـر بـکات.

نموونەیەکـی دیکـەی بەکارهێنانـی ئـەم جـۆرە شـێوازی دیالۆگـە لـە کورتیلەچیرۆکـی «دوو عاشـقی هەڵاتـوو لەنـاو بەفرەکـەدا ڕۆژیـان کـردەوە»ی «تێکۆشـەر خالیـد»دا دەبینرێـت:

«-گـەر دڵەکانمـان بکەینـە چـرا بـۆ ئەوسـەر، ئـەوا ڕووناکتریـن کۆتاییـمان دەبێـت.

-گەر چراکانمان خۆشبوێت،چی!

-ئیتر دڵەکانمان بەجێ دەمێنێت.

-بەجێی دەمێنێت!

-بەجێ دەمێنێت.

-بیرم کەوتەوە، من دەترسێم!

-چی؟

-گۆڕستان...» (خالید،٢٠١٣: ٨٤)

لەم دیالۆگەدا نووسەر شارەزایانە زمانی دەقەکەی پوخت کردووەتەوە و لەبری نیشاندانی بەشێکی زۆری ژیانی دوو کارەکتەرەکەی، هاتووە چەند گوتەیەکی کورت و ڕۆمانسییانەی دوو عاشقی سەرهەڵگرتووی لەسەر شێوەی پرسیار و وەڵام نیشانداوە و وردەکارییەکانی دیکەی بۆ خوێنەر جێهێڵاوە و خوێنەریش لە ڕێگەی ناونیشانەکەوە دێت دەسپێک و سەرەتایەک بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت بۆ چیرۆکەکە دروست دەکات و لەمەشدا هۆکارێک، یا چەند هۆکارێک دەکاتە بیانوو بۆ ئەم سەرهەڵگرتنە، ئینجا لەوێوەوە وێنای ئەو شەوە دەکات، کە هەردوو عاشقەکە بەیەکەوە گوزەراندوویانە و ئەم ساتەش لە چیرۆکەکەدا تەنیا چەند چرکەیەکی لێ باسکراوە و ئەوەیتر ڕادەستی خوێنەر کراوە و خوێنەر لە ڕێگەی دراوە کەمەکەوە دەتوانێت کۆتاییەکی تراژیدی بۆ چیرۆکەکە دروست بکات بەتایبەتیش لە ڕێگەی ئەو ترسەی، کە یەکێک لە دوو کارەکتەرەکە هەیەتی لە ئەنجامی کارەکەیان و خوێنەر ئەم ترسە نادیارەی کارەکتەرەکە، کە بە هیچ کلۆجێک نووسەر نەیدرکاندووە، کچەکەیە یا کوڕەکە دەتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەست بکات بە یەکێکیان و بەم شێوەیە نووسەر لە ڕێگەی پوختەکردن و کوشینی زمانەوە بەشێکی زۆری بەسەرهاتی چیرۆکەکە لادەبات و ئەوەشی لە ڕێگەی چەند وتەیەکی کەمی کارەکتەرەکان دەیخاتەڕوو دەبێت بە سەرەداوێک بۆ خوێنەر تا لە ڕێگەیانەوە بەدوای نەوتراوەکان بڕوات و لە خەیاڵدانی خۆیدا بەرجەستەیان بکات.

دووەم: ئەو میکانیزمانەی پێوەستن بە ناوەڕۆکەوە:

گومان لەوەدا نییە، کە کورتیلەچیرۆکنووس، تەنیا نایەوێت چڕکردنەوە و پوختەکردن لە ئاستی بەکارهێنانی وشە و کەمکردنەوەی وشەکاندا بهێنێتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدات لە ڕووی کرۆکیشەوە زمان تا توانای شیان پوخت بکاتەوە و ئەم جۆرە پوختەکردنەوەیەش بە پلەیەک دەوەستێتە سەر زێدەکردنی مانا و دەلالەتەکان بەرانبەر بە وشەکان، بەو واتایەی، کە لێرەدا نووسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند تەکنیک و میکانیزمێک دەق بەڕووی فرەڕاڤەکاری بیات و خوێنەر وەکوو لایەنێکی کاریگەر لە خوێندنەوەی دەقدا بکاتە چەق و سەنتەر، ئەوەش لە چەند ڕێگەیەکەوە دەکرێت:

١.بەڕەمزکردن:

ئەم تەکنیکە، یاریدەدەرێکی باشە بۆ ئەوەی دەق لە ڕووی واتاییەوە پتر لە واتایەک لە هەناوی خۆیدا حەشار بدات، هەروەک وا دەکات زمان لەو ڤێرژنە ڕاستەوخۆیە دەربچێت، کە وشە یەکسان دەکات بە واتا. بە واتایەکی دیکەوە چیرۆکنووس لە ڕێگەی بەڕەمزکردنەوە هانی خوێنەر دەدات بۆ دووبارە سەیرکردنەوەی دەقەکە و هەڵهێنجانی واتایەکی زیاتر لە دەقەکە.

«هێماکان لە کورتیلەچیرۆکدا جیاوازن، هەندێکیان سروشتین، یان مێژوویی و ئەفسانەیی و فانتازی و شوێنەکی و سیمۆلۆژین. بەزۆریش دەق هێمایەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ پێدانی ئازادی لەلایەن وەرگر لە وێناندن و هیرمیۆنیتیکا.» (کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٧٠-١٧١).

کورتیلەچیرۆکنووس لە ڕێگەی بەڕەمزکردنەوە زمان پوختەتر و چڕتر دەکاتەوە و کڵاوڕۆژنەیەک بەڕووی خوێنەردا دەکاتەوە تا بتوانێت کۆدەکانی دەقەکە بکاتەوە. لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زۆر بە ڕوونی ئەوە دەبینرێت، کە چیرۆکنووسانی کورد بۆ ئاوەڵاکردنی دەقەکانیان بەرەو فرەلێکدانەوەیی و گۆڕینی دەق بەرەو جووتەبنیاتی و خۆ دەربازکردن لە سانسۆر پەنایان بۆ بەڕەمزکردنی کارەکتەر و ڕەگەزەکانی دیکە بردووە.

کورتیلەچیرۆکی «لێکۆڵینەوە»ی فەرهاد مستەفا، نموونەیەکی ئەو جۆرە بونیاتەیە، کە پێی دەگوترێت بەڕەمزکراو:

«گورگ: گوتووتە.. گەووادی کوڕی گەووادی کوڕی گەووادم؟

بەرخ: گوتوومە.. گەوادی کوڕی گەووادی کوڕی گەووادم.» (مستەفا،٢٠١٩: ٦٩). لەم کورتیلەچیرۆکەدا نووسەر

ناوی هەردوو کارەکتەرەکەی کردووە بە خوازە و بەمەش دەقەکە وای لێ هاتووە لە دەلالەتێک زیاتری هەبێت، چونکە گورگ ڕەمزی کوشت و کوشتار و خوێنڕێژییە و بەرخیش ڕەمزی پاکی و بێتاوانییە و ئەم دوو ڕەمزەش، نەک هەر خوێنەرێکی زیرەک بگرە خوێنەرێکی ئاساییش دەتوانێت کۆدەکانی بکاتەوە، چونکە بە درێژایی مێژووی ئەدەب بەکارهاتوون و واتا شاراوەکانیان زانراوە.

٢.لادان: یەکێکی دیکە لەو میکانیزمە سەرەکیانەی، کە کورتیلەچیرۆکنووس بۆ چڕکردنەوەی زیاتری کورتیلەچیرۆک بەکاری دەهێنێت لادانە. «لادان لە کورتیلەچیرۆکدا تەکنیکێکی چڕکردنەوەیە، کە کورتیلەچیرۆک ناتوانێت دەستبەرداری بێت.» (الحسین،٢٠١٠: ٥٨). چونکە لادان هۆکارێکە بۆ کورتبڕی و زێدەترکردنی دەلالەتەکانی ناو دەق.

لە کورتیلەچیرۆکدا نووسەر ناتوانێت خۆی دوورەپەرێز بکات لەم تەکنیکە ئەمەش لەبەرئەوەی «لادان لە کورتیلەچیرۆکدا تەکنیکێکی نووسینی هونەرییە و پێداویستییەکی گرنگە بۆی.» (حمزە و حنبلی،٢٠٢٠: ٣١). و لەو ڕێگەیەشەوە کورتیلەچیرۆک زمانی کلێشەگرتوو جێ دەهێڵێت بۆ زمانێک، کە دیوێکی هونەریانەی هەیە.

مەبەست لە لادان شکاندنی نۆرمی زمانی ئاساییە تاوەکوو زمان لەو ڕەوتە باوەی دەربچێت، کە قسەکەری ئاسایی قسەی پێ دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرزبوونی پلەی شیعرییەت لە دەقی ئەدەبیدا، چونکە «بەرزبوونی ڕێژەی لادان بەرزبوونی شیعرییەت و پێکهاتەکەی دەسەلمێنێ.» (خۆشناو،٢٠١٠: ٢٤٤) دیارە هەموو لادانێکیش شیعرییەت و هونەرکاری لێناکەوێتەوە، بۆیە دەبێت نووسەر وریا بێت لەو لادانانەی، کە لە زماندا دەیکات و ئەمەش لە هەردوو لایەنی واتایی و سینتاکسییەوە دەبێت و ئەوەی لە کورتیلەچیرۆکدا زیاتر دەردەکەوێت لادانی واتاییە، هەرچەندە لادانی سینتاکسیش لە زۆر شێوە وەکوو خوازە و خواستن و درکەدا دەردەکەوێت بەڵام ڕێژەکانیان بەراورد بە لادانی واتایی کەمترە، بۆیە لادانی واتایی وەکوو فریکوێنسییەکی دیاری کورتیلەچیرۆک سەیری دەکرێت.

لادانی واتایی، شێوەی زۆرە و زۆر لایەنی وەک: بەکەسکردن، بەتەنکردن، ڕووتەڵخوازی... دەگرێتەوە، بەڵام ئەو دوو شێوەیەی، کە لە نموونەکانی کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوتوون بریتین لە بەکەسکردن و بەتەنکردن، بۆیە لێرەدا تەنیا نموونە بۆ ئەم دوانە دەهێنینەوە.

یەکەم: بەکەسکردن: بریتییە لە پێدانی سیما واتاییەکانی مرۆڤ بە شتگەلێک، کە ئەم جۆرە سیما واتاییانەیان تێدا نییە و ئەم شتانەش دەشێت ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی دیکە، یاخود شتگەلێکی بێ گیان بن و لەم ڕێگەیەشەوە نووسەر بارێکی خوازەیی بۆ زمان دروست دەکات و دقەکەی چڕتر دەکاتەوە.

لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا ئەم جۆرە لادانە واتاییە پتر لە جۆرەکانی دیکە دەرکەوتووە و دەتوانین نموونەگەلێکی زۆری بۆ بدۆزینەوە.

فەرهاد مستەفا لە کورتیلەچیرۆکی «لە غوربەتدا» پەنای بۆ ئەم جۆرە تەکنیکە بردووە:

«گوڵە کێویلەکە لە هەرای گوڵە پاتۆنیاکە بەئاگا هات، بە نوبرەیەکی زبرەوە پێی دەوت،»تابووری پێنجەم». گوڵە یۆگاکە وتی: سیخوڕ چی گەیاندیتە ئێرە؟ چیمەنەکە، لە دڵتەنگیی گوڵە کێویلەکە خەبەردار بوو، بەهێمنی وتی: مادام بەهەڵە لێرەیت، ئامادە بە بۆ هەموو پێشهاتێک». (مستەفا،٢٠١٥: ١٠٤). وەک دەبینین نووسەر کۆمەڵێک سیفاتی واتایی وەک: هەراکردن، بەئاگاهاتن، نوبرەی زبر، گوتن، بەهێمنی قسەکردن، سیخوڕی، دڵتەنگی... کە هەموویان بەجۆرێک لە جۆرەکان تایبەتن بە مرۆڤ و لە زمانی ئاسایی قسەکردندا دەدرێنە پاڵ مرۆڤ، بەڵام نووسەر هەموویانی خواستووە بۆ شتگەلێک، کە لە واقیعدا توانای ئەوەیان نییە بەم جۆرە بن، یاخود هەڵگری ئەم جۆرە سیفاتانە نین بەمەش هەم خۆی لە سانسۆر دوورخستۆتەوە، هەمیش وایکردووە خوێنەر لەودیوی وشەکانەوە بۆ مەبەستێکی شارەوە بڕوات و واتایەکی دیکە لە دەقەکە بەرهەم بهێنێت. بەدەربڕینێکی دیکە نووسەر لە ڕێگەی ئەم جۆرە دانەپاڵەوە ویستوویەتی شتێکی دیکە بڵێت و لە پەنای ئەمانەدا بیانشارێتەوە و خوێنەریش لە ڕێگەی ئەم بەکەسکردنەوە تێدەگات مەبەستی نووسەر تەنیا ئەو شتە ڕووکەشە نییە، کە

لەناو وشەکاندا دەبینرێت، بەڵکوو ئاستە قووڵەکەیە، کە واتایەکی جیاوازی لێ بەرهەم دێت.

بەهەمان شێوە لە کورتیلەچیرۆکی «هەزار خۆزگەم بەخۆت گوڵێ»ی «حەمەفەریق حەسەن»دا چاومان بە لادانێکی لەم چەشنە دەکەوێت:

« گوڵێک لە کەناری ڕووبارێکدا، بەڕووی مۆری کاڵ و چاوی ڕەشەوە، سەرنجی عاشقان و ڕەوتی ئاو و لارەی دەوەن و گیای دەم سروەی شەماڵی دەدا، هاوکات گوێی بۆ زریوەی وردە مەلی دەم کەناریش هەڵخستبوو. گوڵێکیش بە کراسی سەوز و ڕووی نارنجییەوە، بەسەر تافەی هەمان ڕووبارەوە بابیای لێکرد و بە زمانی گوڵ پێوت، هەزار خۆزگەم بەخۆت گوڵێ، کە تۆ ئێستا دوو هەنگ و پەپولەیەک میوانتن و هێشتا لە نیشتیمانی خۆت هەڵنەکەنراوی!» (حەسەن،٢٠١٤: ٩٧).

وەک دەبینین نووسەر کۆمەڵێک سیفاتی وەک «چاوی ڕەش، سەرنجراکێشان، گوێ هەڵخستن، کراس لەبەرکردن، بابیایکردن، پێوتن» کە هەموویان تایبەتن بە مرۆڤ بەخشیوە بە گوڵ، کە لە واقیعدا هەڵگری ئەم سیما واتاییانە نییە و لەمەشەوە گوڵی وەک مرۆڤێک نیشانداوە و هەست و بۆچوونەکانی مرۆڤی لە گوڵ بارکردووە تاوەکوو مەرامێکی دیکەی پێ دەربېڕێت و لەوەشەوە خوێنەر واتایەکی دیکە لە دەقەکە بەرهەم دەهێنێت، کە زێدەتر گرێدراوی دونیای مرۆڤە تا گوڵ ئەو واتایەش غوربەت و ڕاگواستنی مرۆڤە لە زێد و نیشتیمانی خۆی. ئەم جۆرە لادان جگە لەوەی واتایەکی دیکەی ناڕاستەوخۆی بۆ دەقەکە زیاد کردووە چێژێکی ئیستاتیکی جوانیشی پێ بەخشیوە، چونکە قسەکردن و ڕەفتارنواندنی گوڵ وەک مرۆڤ شتێکە، کە دەربڕینی ئاسایی جێدەهێڵێت و دیوێکی فانتازی بۆ دەقەکە زیاد دەکات و خوێنەریش لەو بارە چەقەستووەی وێناکردن دەرباز دەکات، چونکە ئیتر ئەوە مرۆڤ نییە قسە دەکات، بەڵکوو گوڵێکە.

دووەم: بەتەنکردن: ئەم جۆرە لادانە واتاییە کاتێک دێتەکایەوە، کە نووسەر سیمای واتایی «+تەن» بدات بە شتە هەستی و ژێرییانەی، کە لە بنەڕەتدا «-بەرهەست»ن. بە واتایەکی دیکە نووسەر کاتێک جەستە و تەن دەبەخشێت بە شتگەلێک، کە لە واقیعدا هەڵگری ئەو سیفاتە نین، ئەوا بەتەنکردنی ئەنجامداوە.

ئەم جۆرە خەسڵەتە توانایەکی دەربڕینی گەورە بە زمانی کورتیلەچیرۆک دەبەخشێت و وای لێ دەکات، کە لە تاک واتاییەوە بەرەو چەند واتایی پەل بهاوێژێت و زەمینەیەکی باش بۆ خوێنەر فەراهەم دەکات تا لەو ڕێگەیەوە بەرەو ئەو بونیاتە واتاییە شاراوەیە بڕوات، کە نووسەر ڕاستەخۆ دەری نەبڕیوە.

ئەم جۆرە لادانە بەراورد بە جۆرەکەیتر کەمتر لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوتووە. لە کورتیلەچیرۆکی «وەهم»ی «قانع خورشید»دا نووسەر هاتووە شتێکی واتایی و بەرهەستی وەک دێوی وەرگرتووە و سیفاتگەلێکی وەک دەنگ و جەستەی پێبەخشیوە، کە لە واقیعدا خاوەن ئەم جۆرە سیفاتانە نییە و ڕاستە دێو وەکوو بوون لە ئەندێشە و خەیاڵدانی هەر یەکێکماندا بوونی هەیە، بەڵام لە واقیعدا ئەم جۆرە بوونەوەرە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا لە خەیاڵدا شوێنی دەبێتەوە و تاوەکوو ئەمڕۆ هیچ مرۆڤێک نەیتوانیوە شێوە و شکڵێکی واقیعی بۆ ئەم شتە بەرجەستە بکات. (بڕوانە: خورشید،٢٠٢١: ١١٣).

بە هەمان شێوە لە کورتیلەچیرۆکی «پرتەوبۆڵەی تارماییەکان»ی «فەرهاد مستەفا»دا تێبینی ئەوە دەکەین، کە نووسەر لە ڕێگەی بەتەنکردنەوە جەستە و سیفاتگەلێکی مرۆیی بۆ شتێکی وەکوو تارمایی دروست کردووە، کە لە بنەڕەتدا جگە لە بوونێکی واتایی و خەیاڵی خاوەن بوونێکی ڕاستەقینە نییە و شێوە و شکڵێکی نییە. لەم کورتیلەچیرۆکەدا نووسەر سیفاتگەلێکی وەک: چاو، دەم، گوێ، قۆڵ و دەست و قاچ...کە هەموویان تایبەتن بە مرۆڤ دەخاتە پاڵ سێ تارمایی و لە ڕێگەیانەوە جەستە و تەن ۆ ئەم تارماییانە دروست دەکات. (بڕوانە: مستەفا،٢٠١٨: ٢٩).

کورتیلەچیرۆکی «قسەکردن لەگەڵ مەرگدا»ی «تێکۆشەر خالید» وەکوو لە ناونیشانەکەی دەردەکەوێت نموونەیەکی دیکەی بەتەنکردنە. لە ڕاستیدا مەرگ شتێکی واتایی و ژێرییە و بوونێکی فیزیکی دەرەکی نییە، واتە خاوەن جەستە نییە و تەنیا لە ڕێگەی مێشکەوە هەستی پێ

دەکرێـت، بـەڵام نووسـەر هاتـووە وەکـوو مرۆڤێـک نشـانی داوە و سـیفەتی قسـەکردنی داوە تەپـاڵ، کـە تایبەتـە بـە مـرۆڤ، جگـە لەمـەش نووسـەر لـە کرۆکـی ئـەم چیرۆکـەدا تاوەکـوو کۆتاییـی تارماییيـەک دێنێـت و قسـە و هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا دەکات واتـە تارماییەکـە وەکـوو مرۆڤێـک بەرانبـەر کارەکتـەری سـەرەکی کورتیلەچیرۆکـە دەوەسـتێت و خـاوەن بوونێکـی دەرەکییـە و جەسـتەیەکی تایبەتـی هەیـە و داوا لـە کارەکتـەر دەکات خـۆی ئامـادە بـکات تـا لەگەڵـی بچێـت. (بڕوانـە: خالیـد،٢٠١٣: ٣٥-٣٦)

٣.ئایرۆنــی: «ســی. دی. میویــک» دەڵێــت: ئایرۆنــی «هونـەری گوتنـی شـتێکە، بـێ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی کـرداری بیڵێیــت.» (الحســین،٢٠١٠: ٥٩). بــە دەربڕینێکــی دیکــە ئایرۆنـی بریتییـە لـە «گوتنـی پێچەوانـەی ئـەوەی بیـری لـێ دەکەیتـەوە.» (عومـەر،٢٠١٢: ٨٨). ئـەم تەکنیکـە یەکێکـە لـە ڕەگـەزە هـەرە گرنگەکانـی چڕکردنـەوەی زمانیـی کورتیلەچیـرۆک و لایەنێکـە، کـە کورتیلەچیرۆکنـووس ناتوانێـت بـە بـێ بوونـی ئەمـە کورتیلەچیرۆکێکـی کاریگـەر بونیـات بنێـت.

ئایرۆنـی ڕۆڵـی هەیـە لـە زێدەترکردنـی دەلالـەت و واتـای دەق، چونکـە لـە ڕێگـەی ئایرۆنییـەوە کورتیلەچیـرۆک دەبێتـە خاوەنـی دوو بونیـات یەکێکیـان ڕووکـەش و ئاشـکرایە و لـە ڕێگـەی وشـەکانەوە دەردەکەوێـت، ئەوەیتریـان شـاراوە و پەنهانـە و لـە ئەنجامـی لێکدانـەوەی خوێنـەر بـۆ واتـای دووری وشـەکان دروسـت دەبێـت.

نووسـەر بـۆ ئـەوەی کاریگەرییەکـی زیاتـر بـۆ دەقەکـەی دروسـت بـکات زۆر کات پەنـا بـۆ ئایرۆنـی دەبـات و لـە ڕێگەیـەوە لەلایـەک واتـا و دەلالەتەکانـی دەقەکـەی زێدەتـر دەکات، لەلایەکیتریشـەوە ئایرۆنـی دەبێتـە هۆکارێـک بـۆ دروسـتردنی سەرسـامی و خەنـدە لـە کۆتایـی چیرۆکەکـەدا.

ئایرۆنـی ڕێگـە و شـێوازی بونیاتنانـی زۆرە و زۆر جـار ئـەوەی لـە کورتیلەچیرۆکـدا دەبینرێـت لـە ڕێگـەی نەزانکردنـی کارەکتـەر لـە شـتەکانی دەوروبـەری، یـا چارەنـووس دروسـت دەبێـت، یاخـود لـە ڕێگـەی هێنانـی دوو جیهانـی دژیـەک و ناتەبـا بەرهـەم دێـت.

لــە کورتیلەچیرۆکــی کوردیــدا ئــەم تەکنیکــە بــە فرەوانـی بەکارهاتـووە و ئەمـەش لەپێنـاوی هـەردوو لایەنـی چڕکردنـەوەی زمانـی و بەخشـینی چێژێکـی ئیسـتاتیکی بـە خوێنـەر پەنـای بـۆ بـراوە.

نموونەیەکــی دیــاری ئایرۆنــی لــە کورتیلەچیرۆکــی «نیشــتیمان»ی «باهــۆز مســتەفا»دا دەردەکەوێــت:

«ژنێکـی باڵابـەرزی لەشـولار شوشـەیی، چـاو ڕەنگاوڕەنگـی قـژ ڕەشـی سێکسـی بـوو، بەهـۆی خاکەڕایـی و دڵپاکـی خـۆی، تووشـی بـە تووشـی پیـاوی گێـل و گەمـژە دەبـوو، ئەوانیـش بـە هەوەسـی خۆیـان گازیـان لـە لێـو و گـەردن و ملـی دەگـرت و دەسـتیان بـۆ دامەنـی دەبـرد. دوای تێربوونیشـیان بـە ڕووتـی جێیـان دەهێشـت. نیشـتیمان لـە ڕقـی ئـەوان بڕیـاری دا، هـەر بێگانـە سـواری خـۆی بـکات.» (مسـتەفا،٢٠٢١: ١٤٦).

لــەم کورتیلەچیرۆکــەدا نووســەر دوو جیهانــی دروســت کــردووە، یەکێکیــان ئاشــکرایە و واتاکــەی لــە کــۆی ئــەو وشــانەوە بەرهــەم دێــت، کــە لەنــاو دەقەکەدایــە ئەویــش چیرۆکــی سێکســکردنی پیاوانــە لەگــەڵ ژنێکــی ســاویلکە و کــەم ئەزموونــدا، کــە هەمیشــە بەهــۆی فێــڵ و تەڵەکــەی ئــەو کەســانە فریــو دەخــوات و هەمــان کاری لەگــەڵ دەکرێتــەوە، هەرچـی جیهانـی دووەمـە جیهانێکـی شـاراوەیە و پێویسـتە خوێنـەر لەودیـوی وشـەکانەوە بەدوایـدا بگەڕێـت، بێگومــان ئــەوەش پێویســتی بــە پاشــخانێکی کلتــوری بــاش هەیــە و خوێنەرێکــی کــورد کاتێــک ئــەم دەقــە شــیدەکاتەوە دەزانێـت مەبەسـتی نووسـەر واتـا ڕووکەشـەکە نییـە، بەڵکـوو لــە چوارچێــوەی دەربڕینــی ئــەم وشــانەوە ویســتوویەتی مەبەســتێکی قووڵــتر بخاتــەڕوو، ئەویــش گرفتاربوونــی کۆمەڵــگای کوردەوارییــە بەدەســتی کۆمەڵێــک سیاســی نــەزان و ئاڵــووش، کــە هەمیشــە بــەدوای ئــەوەوەن فێــڵ لــە میللەتەکــەی خۆیــان بکــەن و داهاتەکــەی تــاڵان بکــەن.

کورتیلەچیرۆکــی «بەدحاڵی»ــی «حەمەفەریــق حەســەن»نموونەیەکی بەرچــاوە بــۆ ئایرۆنــی هەڵوێســت:

«کــە ئــەم داهاتــەوە، بــەگ وایزانــی لەبــەر خاتــری گەورەیــی مەقامــی ئــەو هاتۆتــە ســەر چــۆک و بەســەر پێـڵاوە نوێیەکانیـدا دەکـەوێ، نەیزانـی کـە لاوەکـە بـەو نیـازە دانوییـەوە قەیتانـی پێڵاوەکانـی توند بکاتـەوە، تاکـو شـاپێکی بەهێـز وەک لێدانـی سـزا، لـەو سیسـتەم و ڕۆژگارە بـدات، کـە ئـەوی کـرد بـە سەروەسـێتی شـارێک.» (حەسـەن،٢٠١٤: ٩١).

لــەم چیرۆکــەدا ئایرۆنییەکــە لەنێــوان دوو هەڵوێســتی دژبەیەکــی دوو کارەکتــەری جیــاواز و دژیــەک دروســت بــووە، کارەکتەرێکیــان نوێنــەری خراپــەکاری و نەزانــی و دواکەوتوویــە و هەمیشــە وا بیردەکاتــەوە، کــە تێکــڕای خەڵــک کۆیلــە و ژێردەســتەی ئــەون، بۆیــە هــەر جــۆرە خۆنوشــتانەوە و دانەوینەوەیــەک ی کەســی بەرانبــەر بــە جۆرێــک لــە پابەندبــوون و دووپاتکردنــەوەی هەســتی کۆیلایەتــی لێــک دەداتــەوە. کارەکتــەری دووەم، نوێنــەری چینــی خــوارەوەی کۆمەڵــە، کــە بێــزارە لــەو سیســتمەی ئــەو جــۆرە دەرەبەگــە گەمژەیــەی دروســت کــردووە، بۆیــە دانەدنوێتــەوە تــا قەیتانــی پێڵاوەکــەی تونــد بکاتــوە و شــەقێک لــە کارەکتــەری یەکــەم هەڵبــدات و ئــەم کردەیــەش لای کارەکتــەری یەکــەم بــەم جــۆرە هەســتی پێناکرێــت و وەکــوو هەمیشــە بــە جۆرێــک لــە کڕنۆشــبردن و ملکەچبــوون لێکدەدرێتــەوە، کەچــی لــە ڕاســتیدا کردەکــە پێچەوانــەی ئــەم جــۆرە پێشــبینییەیە.

٤.دەقئاوێــزان: تەکنیکێکــی دیکــەی گرنگــی چڕکردنــەوەی زمانییــە و تێیــدا نووســەر بــۆ دەوڵەمەندکردنــی واتــا و دەلالەتەکانــی کورتیلەچیرۆکەکــەی ئاماژەیــەک لــە شــێوەی تیــل نیشــان بــۆ بەرهەمێکــی بەناوبانــگ دەکات، یاخــود دەقەکــەی بــەڕووی دەقێــک یــا چەنــد دەقێکــی دەرەکــی ئــاوەڵا دەکات و هــەوای دەقــە دەرەکییــەکان هەڵدەمژێــت و لەوێشــەوە هــزری خوێنــەر بــەرەو دەرەوەی دەقەکــەی دەبــات.

دەقئاوێــزان لــە کورتیلەچرۆکــدا هۆکارێکــە بــۆ زێدەتربوونــی ئــەو واتــا و مەبەســتانەی، کــە نووســەر دەیەوێــت بــە خوێنــەری بگەیەنێــت و لــە ڕێگەیــەوە نووســەر هــزر و لێکدانــەوەی خوێنــەر تاقیدەکاتــەوە.

لــە کورتیلەچیرۆکــی «جوانکاری»ــی «حەمەفەریــق حەســەن»دا، نووســەر وەک خــۆی لــە پەراوێــزی چیرۆکەکــە ئامــاژەی پــێ کــردووە هەوڵــی داوە ســوود لــە پەندێکــی عەرەبــی وەربگرێــت، کــە دەڵێــت: «لــکل داء دواء، الحمــق داء مــا لــە دواء= هــەر دەردێــک دەرمانێکــی هەیــە، گێلــی نەبــێ دەردێکــی بــێ دەرمانــە». (بڕوانــە: حەســەن، ٢٠١٤: ٣٦). کارەکتــەری ئــەم چیرۆکــە کەســێکی گەمــژە و نەزانــە و لــە ڕێگــەی جوانکارییــەوە زۆرینــەی کەموکوڕییــە ڕووخســارییەکانی خــۆی چارەســەر دەکات و وا تێــدەگات، کــە هەمــوو کێشــەکانی چارەســەر کــردووە و ئیــتر عەیبێکــی نەمــاوە، بــەڵام دوای ماوەیــەک دەبینێــت خەڵــک پسکەپسکیانە و بــە گێــژ و گەمــژە نــاوی دەهێنــن ئەویــش هەرچەنــد ســەر دێنێــت و دەبــات نازانێــت لای چ دکتۆرێــک چارەســەری گەمژەییەکــەی بــکات.

نموونەیەکــی دیکــەی دەقئاوێــزان لــە کورتیلەچیرۆکــی «کوێرەوەری»ــی «فەرهــاد مســتەفا»دا بەرچاودەکەوێت. نووســەر لــەم چیرۆکەیــدا ســوودی لــە چیرۆکــی «مەنوچــەر و کەرەلۆتی»ــی «ئیبراهیــم ئەحمــەد» وەرگرتــووە. (بڕوانــە: مســتەفا:٢٠١٨: ١٣٧-١٣٩).ســەرەتا هاتــووە نــاوی ئــەو کۆمەڵەچیرۆکــەی کــردووە بــە ناونیشــانی کورتیلەچیرۆکەکــەی، واتــە ناونیشــانی کۆمەڵــە چیرۆکــی کوێــرەوەری بووەتــە ناونیشــانی ســەرەکی چیرۆکەکە، ئینجــا هاتووە نــاوی پاڵەوانەکانــی یەکێــک لــە چیرۆکەکانــی نــاو ئــەم کۆمەڵەیــەی وەرگرتــووە، کــە «مەنوچــەر»ە، لەگــەڵ «کەرەلۆتــی» و چەنــد ڕووداوێکــی نوێــی خســتۆتەپاڵیان. ئــەم جــۆرە دەقئاوێزانــە، کــە بــە میکانیزمــی هەڵمژیــن کــراوە وایکــردووە زمانی ئــەم کورتیلەچیرۆکە چڕتــر ببێتــەوە و واتــا و دەلالەتــی زیاتــر بــە دەقەکــە بەخــشراوە و خوێنــەر لــە ڕێگــەی بیســتنی نــاوی ئــەم کارەکتــەرە و ناونیشــانی کورتیلەچیرۆکــە دەچێتــە دەرەوەی دەقەکــە.

٦.ئەنجام:

١.کورتیلەچیــرۆک وەکــوو ژانرێکــی نــوێ توانیویەتــی بوونــی خــۆی لەنــاو ئەدەبــی کــوردی بســەلمێنێت و کۆمەڵێــک نووســەری کــورد لەمــڕۆدا لــەم بــوارە چالاکــی دەنوێنــن.

٢.پێوەندییەکــی قــووڵ و پتــەو لەنێــوان شــیعر و کورتیلەچیرۆکــدا هەیــە بەتایبــەت لــە لایەنــی زمانییــەوە کورتیلەچیــرۆک ســوودێکی زۆری لــەو تەکنیکانــە بینیــوە، کــە تایبەتــن بــە زمانــی شــیعر.

٣.زمــان لــە کورتیلەچیرۆکــی کوردیــدا زمانێکــی ئیحایــی و چڕکراوەیــە و نووســەرانی کــورد تــا پێیــان کرابێــت هــەم لــەڕووی ژمــارەی وشــەوە هەوڵــی کورتکردنــەوەی زمانەکەیــان داوە هەمیــش هەوڵیانــداوە واتــا و دەلالەتــەکان زێدەتــر بکــەن

٤.بــۆ چڕکردنــەوەی زمــان کورتیلەچیرۆکنووســانی کــورد ســوودیان لــە کۆمەڵێــک تەکنیکــی وەک: ســوودوەرگرتن لــە پیــت و ژمــارە، بەکارهێنانــی هونــەری دیالــۆگ، ســڕینەوە، بەڕەمزکــردن، لادانــی واتایــی (بەتەنکــردن، بەکەســکردن)، ئایرۆنــی، دەقئاوێــزان وەرگرتــووە.

### ٧. لیستی سەرچاوەکان:


بە زمانی کوردی

جەوانشیر، شاناز(٢٠٢١)زایەڵەی شارێکی دوور،چ١،سەردەم، سلێمانی.

حەسەن، حەمەفەریق(٢٠١٤)ڕازێک و سەد ڕاز،چ١،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی.

خالید، تێکۆشەر(٢٠١٣) بەڵێ، هەلەیەک ڕوویداوە، چ١،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

خورشید،قانع(٢٠٢١)گوڵبەهارێک لەم پاییزی عومرەمدا دەڕوێت،چ١، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.

خۆشناو،هێمن عومەر(٢٠١٠)شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی،چ١،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ڕەشید،سابیر(٢٠١٦) ئاوێنە، ١٠٠ کورتیلەچیرۆک،چ٢، هەولێر.

سادقزادە، سارا(١٣٩٧)ئەو چیرۆکانەی زۆر ژنانەن، چ١، ناوەندی خانی، سەقز.

عومەر، موحسین ئەحمەد(د)(٢٠١٢)فەرهەنگی ئەدەبی، چ١چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٢٠)کورتەچیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی،و.سەنگەر زراری،چ١،دەزگای فام،هەولێر.

کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٢٢)چیرۆک چییە؟، و. محەمەد کەریم، چ١، سەردەم، سلێمانی.

مەحموودپوور، عەزیز(١٣٩٨)پیاوێکی ڕیش خەنەیی، چ١، ناوەندی خانی، سەقز.

مستەفا،باهۆز(٢٠٢٠)وێستگەی میترۆ ٢٢ساڵ چاوەڕوانی،چ١،ماڵی کتێب و گروپی هاڤی، هەولێر.

مستەفا،فەرهاد(٢٠١٩)پەراوێز،چ٢، ناوەندی سارا، سلێمانی.

مستەفا،فەرهاد(٢٠١٢)پیاوە ڕەقەڵەکەی ژوورەکەمان،چ١،چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی.

مستەفا،فەرهاد(٢٠١٥)هەتا چاو بڕ بکات تاریکی،چ١،ئەندێشە، سلێمانی.

مستەفا،فەرهاد(٢٠١٥)هەتا چاو بڕ بکات تاریکی،چ١،ئەندێشە، سلێمانی.

بە زمانی عەرەبی

البطاینة، جودی فارس(د)(٢٠١١) القصة القصیرة جدا،قراءة نقدیة، مجلة التربیة و العلم، مجلد١٨، عدد٣.

الحسین، احمد جاسم(د)(٢٠١٠)القصة القصیرة جدا، مقاربة تحلیلیة، ط٢، دار التکوین للتألیف و الترجمة و النشر، دمشق.

الشمالی،نضال محمد فتحی(٢٠١٩) اشکالیة تجنیش القصة الومضة، الادب السعودی انموذجا، مجلة العلوم العربیة و الانسانیة، ریاض.

الصمادی، امتنان عثمان(٢٠٠٧)القصة القصیرة جدا بین اشکالیة المصطلح و وضوح الرؤیة: مجموعة(مشی)انموذجا،مجلة دراسات العلوم الانسانیة و الاجتماعیة، مجلد ٣٤، عدد١.

المناصرة،حسین(د)(٢٠١٥)القصة القصیرة جدا، رؤی و جمالیات، ط١، عالم الکتب الحدیث للنشر و التوزیع، الاردن.

الیاس،جاسم خلف(٢٠١٠)شعریة القصة القصیرة جدا،ط١،دار نینوي،دمشق.

بربر، خالص ایشوع(٢٠١٠) حبة الخردل، دراسات النقدیه عن التجربة القاص هیثم بهنام بردی فی کتابة القصة القصیرة جدا، ط٢، دار رند، دمشق.

بن عبدالواحد،سعید(٢٠٠٤)مفاهیم النظریة حول القصة القصیرة جدا فی اسبانیا و امریا اللاتینیة،مجلة قاف صاد، عدد١، دار البیضاء، مغرب.

حمزة و حنبلی، راضیه و سمیة(٢٠٢٠)التنظیر العربی للقصة القصیرة جدا»نحو النظریة منفتحة للقصة القصیرة جدا، رسالة الماجستیر، قسم اللغة و الادب العربی، جامعة العربی بن مهیدی.

سعدون، نادیة هناوی(٢٠١٢)(د)هاجس الکینونة و الفلسفة الهویة فی القصة القصیرة جدا»مجموعة التماهی القصصیة انموذجا»، مجلة جامعة دیالی، عدد ٥٤.

عجاج, عباس(٢٠٢٠) حوارات العربیة ول القصة القصیرة جدأ، ط١، دار ادراك للنشر الکترونی

عقاری و بن صالح،سلوی و اسماء(٢٠١٩)جمالیات الومضة فی قصص هانی ابی نعیم-وخزات النازفة-انموذجا، رسالة الماجستیر، کلیة الاداب، جامعة محمد بوضیاف،الجزائر.

فتحی،ابراهیم(١٩٨٦)معجم المصطلحات الادبیة، ط١، المؤسسة العربیة للناشرین المتحدین، صفاقس-تونس.

لحمدانی، حمید(٢٠١٢)نحو نظریة منفتحة للقصة القصیرة جدا، مطبعة أنفوبرانت، ط١، فاس، المغرب.

لنگرودی و جانسیز و رومیه، عبدالعلی ال بویه و زهیر و وسام(٢٠١٥) القصة القصیرة جدا بین الادبین العربی و الفارسی، نظرة الی نماذج من الکاتب المغربی عبدالسمیع بن صابر و الکاتب الایرانی جواد سعیدی پور، مجلة اضاءات النقدیة، عدد ١٨.

یوب،محمد(٢٠١٥)قصة القصیرة جدا، خروج عن الاطار، شبکة الالوکة.

بە زمانی فارسی

برزوئی و مقدم ورحیمی،مریم،مهیار، مهدی(١٣٩٨) بررسی مؤلفههای (جنگ در پیرمرد بر سر پل)ی ارنست همنگوای و واکاوی تطبیقی ان در ادبیات مینیمال(دفاع مقدس)، نشریه ادبیات پایداری، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر، کرمان، عدد٢١.

کولایی و ابوخیلی، مهدی خادم و رحمت رحیمی(١٣٩٣) ماهیت شناسی داستانهای مینیمالیسم از اغاز تا امروز، چ١، نشر قطره، تهران.

بە زمانی ئینگلیزی

ABBASI&SHARQI(2015) Flash Fiction: A Unique Writer-Reader Partnership, Studies in Literature and Language, Vol. 11, No. 1.

Botha, M. (2016). Microfiction. In A.-M. Einhaus (Ed.).The Cambridge Companion to the English Short Story (pp. 220-201). Cambridge University Press.

## ملخص

هــذا البحــث الــذي يحمــل عنوان(المكونــات اللغويــة للاقصوصــة الكردية٢٠١٢-٢٠٢١)يتألــف مــن مقدمــة و اربعــة مباحــث رئيسـية،المبحث الاول خصـص لتعريـف الاقصوصـة مـن حيـث المصطلـح والدلالـة. والمبحـث الثـاني يتحـدث عـن خصائـص الاقصوصـة، امــا المبحــث الثالــث فقــد تنــاول العلاقــة بيــن الاقصوصــة والشــعر، و المبحــث الرابــع عبــارة عــن مبحــث عمــلي حيــث تنــاول المكونـات اللغويـة للاقصوصـة الكرديـة، امـا المنهـج البحثـي الـذي سـار عليـه الباحـث لاتمـام بحثـه فهـو المنهـج الوصفـي التحليـلي متهيـا بأهــم الاســتنتاجات التــي توصــل اليهــا الباحــث.

الكلمات المفتاحية: الاقصوصة، التكثيف اللغوي، المفارقة، الانزياح، التناص.


## Abstract

This study is entitled(language structure in Kurdish very short stories2021-2012) and consists of an introduction and four main sections. The first section is about the concepts, definition and terms of very short stories, the second section discusses the features of very short stories, the third section discusses the relationship between poetry and very short stories, and the fourth section is the practical discussion in which the structure of language in Kurdish very short stories is discussed in detail, by using the descriptive analytical method. Finally, the results obtained by the researcher have been presented.

Keywords: key wovery short story, irony, intertextuality, linguistic intensification, deviation.